تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ئەحمەد هەردی
(ئەحمەد حەسەن عەزیز)

رازی تەنیایی

- ٢٨ -

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

لەسەر ئەرکی
تێبخانەی سلێمانی چاپ کراوە و بڵاو کراوەتەوە

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ڕازی تەنیایی

شـــیعر

چـاپـی دووەم ١٩٨٤

لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی چاپ کراوە

لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە چاپدراوە

پێشەکی

بەقەلەمی :

ئەحمەد هەردی (ئەحمەد حەسەن عەزیز)

پێشەکی چاپی دووەم

لەو ڕۆژەوەی (ڕازی تەنیایی) بۆ یەکەمجار ، لەساڵی (١٩٥٧)دا چاپکراوە ، هەندێك لەشیعرەکانی بوونەتە مایەی گفتوگۆو لێدوانو لەسەرنووسینی هەندێ برادەری نووسەر ، کە داخەکەم هەریەکەیان لەخۆیەوە کاتو مەبەستی بۆ شیعرەکانم داناوە ، یان بەئارەزووی خۆی لێکیداونەتەوە ٠ لەناو ئەمانەدا ، دووانیان ، یان بڵێین نووسینی دووانیان ، بایەخێکی تایبەتی‌یان هەیە : یەکەمیان هاوڕێی بەڕێزم (د٠ عیززەدین مستەفا)یە کە لەکتێبی (الواقعية في الأدب الكردي) دا کە دکتۆرانامەی مامۆستای ناوبراوە، لەچەند شوێنێکدا باسی شیعرەکانم ئەکات٠

دووەمیان : ووتارێکە کە (کاکەی فەللاح) لەڕۆژی (١/٨/١٩٧٧) دا لەباخچەی یەکێتی نووسەرانی سلێمانی ، دەربارەی من دابوی ، و لەدواییدا (ساڵی ١٩٧٨) ، ئەو ووتارەی لەگەڵ چەند ووتارو نووسینێکی تردا بەناوی (کاروانی شیعری نوێی کوردی[1])یەوە لەچاپەداو بڵاوی‌کردەوە٠

هەرچی نووسینەکەی (کاکەی فەللاح)ە ، باسێکی تاڕادەیەك دوورو درێژە[2]و ، لەپاڵ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ،

چەند هێرشێکی ناڕەواو گەلێ قسەی ڕەق و ناشایستەی تێدایە ، وەك ویستبێتی ناوی من لەکەدار بکات ، لەکاتێکدا کە مـن نـەك هەر لەم وولاتە نەبووم ، بەڵکو هەواڵی مردنیشم لـەم (دەمەوە) ئەڕۆیشت بۆ ئەو دەم •

ئەوی ڕاستی بێت کاتێك کەویستم (ڕازی تەنیایی) بۆ جاری دووەم چـاپبکەمەوە ، لـەپێشدا بـڕیارم وابوو کـە وەڵامێکی دوورو درێـژی هەردوو نووسینەکەی (د• عیززەدین)و (کاکەی فەللاح) بـدەمەوە ، لەمڕووەوە ، زۆرتریشـس قسـەی برادەرێك کاری تێکردم کە ووتی : «ئـەگەر سبەینێ خـۆت مردیت ، کێ لەدوای خۆت ئەتوانێ لەجیاتی تـۆ وەڵامبداتەوە[٢] ؟ ، تەنانەت ئـەگەر کەسێکی واشـس هەبێت ، کێ بـڕوایپێئـەکات ؟ یـان خوانەخواستە ، دوایمردنی ئـەوان ، ئـایا وەڵامدانەوەی تـۆ ، نابێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بڵێن : هەتا نەمردن نەیوێرا وەڵامیان بداتەوە ! چونکە ئەوەندەیان بەڵگە بەدەستەوەبوو ، کە لەژیانی خـۆیاندا ، نـەوێرێت سـەرپێچییان لەگەڵدابکات !» ، ئـەڵێم لەڕاستیدا ئـەم قسـەیە کاری تێکردمو ، دەستم دایە قـەڵەمو وەڵامێکی دوورو درێژم نووسی ، بەو هیوایەی بیکەم بەپێشەکی ئـەم چاپی دووەمە ، بـەڵام پاش ماندوبوونو نووسینێکی زۆر ، بۆم دەرکەوت : کە نووسینێکی وا دوورودرێژ ، نەك هەر لێرەدا جێینابێتەوە بـەڵکو پێویستی بـە نـامیلکەیەکی سـەربەخۆی سەرومڕە • ئـەگەرچی تەنانەت لەوێشدا ڕەنگە هـەر دەرفەتی

ئـەوەم نەبێت کە : سەرتاخواری قسـەکانی (کاکەی فـەللاح) شی بکـەمەوە • جـا لـەبەرئـەوە بـڕیارم دا : ئـەو وەڵامـە لەنامیلکەیەکی تایبەتیدا بنووسمو ، لەدەرفەتێکدا چاپی بکەم • بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە دەستنیشانی بکەم ، چەند خاڵێکی سەرەکی یە ، کە : بەشێوەیەکی گشتی ، هەندێك لەشیعرەکانمو چـەند سوچێکی ژیـانی خـۆم ، تاڕادەیەك ، ڕوناك ئەکاتەوەو لە هەمان کاتدا وەڵامێکی سـەرەتایی یە بـۆ قسـە نـاڕەواکانی (کاکەی فەللاح) ، کەهەر لەسـەرەتاوە وای پیشان ئەدات ، مـن لەشاعیری کەوتوومو قسەکەش ئەداتە پـاڵ خـۆم(٤) • لەپاشاندا ئـەم بۆچوونەی خـۆی ، بـەچەند شێوەیەك دوبارەئەکاتەوە • بۆنمونە کەدێتە سەر ئەم سێ بەیتە :

(بەڵێ ئەوسا دڵێکم بوو کـە سەرچاوەی ژیانم بـوو
دڵێ مەڵبەندی ئاواتو تـەوژمو تینی گیـانم بـوو
دڵێ گوڵزاری دڵداریو بەهەشتی خۆشەویستی بـوو
وەکو بتخانە مـەیدانی بتی جـوانی پەرستی بـوو
لـەگەڵ هاوارو گریانی(٥) هـەژارانا لـەشینا بـوو
لەگەڵ ناڵەی کەساساندا لەخوڕپەو ڕاچەنینا بـوو)

ئـەڵێم کەدێتە سەر ئـەم سێ بەیتە کەبەشی دوایی شیعری (دڵێکی تێکشکاو)ە و لەکاتی خۆیدا نەمتوانیوە تەواوی بکەم ، **(کاکەی فەللاح) ئەڵێت : (لێرەدا لەپڕ وەستاو شیعرەکەی بەبێ ئەنجامو ناکامڵ بەجێ‌هێشتو نەیویست ، یا ڕاستتر نەیتوانی**

بگاتە کۆتایی‌یەکی سەرکەوتوانەو تەواو[٦] ٠) ، وادیارە هەر تەنیا (کاکەی فەللاح) بڕوای وا نەبووە ، بەڵکو هەندێك برادەری تریش لەو بڕوایەدابوون کەمن ناتوانم ئەم شیعرە بەهەمان سۆزو گەرم‌وگوڕی‌یەوە تەواوبکەم ، لەمانە مامۆستا (عومەر عارف[٧]) کە هاوڕێ‌یەکی دێرینمە ، لەهەمویان زۆرتر ئەم قسەیەی ئەکردەوەو ، نەك هەر ئەوەش ، بەڵکو گرەوێکیشی لەسەرکردو بەڵێنی‌دا کە سەیرانێکی گەورە بۆ دەستەیەکی زۆر لەو برادەرانە سازبکات ، بەومەرجەی من ئەو شیعرە تەواوبکەم[٨] ٠ بەڵام لێرەدا جیاوازی‌یەکی بنەڕەتی هەیە لەنێوان قسەی کاك (عومەر عارف)و قسەکەی(کاکەی فەللاح)دا، ئەویش ئەوەیە کە هەرچی کاك (عومەر)و هاوڕێکانین ، بڕوایان وابوو کە شیعرێك لە (١٩٤٦)دا ووترابێت ، لە (١٩٨٣)دا تەواوناکرێت[٩] ، بەڵام من بەتەواوکردنی شیعرەکە توانیم بیسەلمێنم کە ئەم باری سەرنجە ڕاست‌نی‌یە ٠

بێینەوە سەر بیروڕای (کاکەی فەللاح) ، ووتمان بڕوای مامۆستا (فەللاح) لەگەڵ بڕوای کاك (عومەر)دا زۆر جیاوازە ، چونکە ئەگەر ئەم لەبەر چەند هۆیەك تەواوکردنی ئەو شیعرەی بەگران زانیبێت ، (کاکەی فەللاح) نەك هەر ئەو شیعرە ، بەڵکو بڕوای وایە کە گوایە جارێکی‌تر ناتوانم هیچ شیعرێکی وا بەسۆز بڵێم ، ئەوەتا ئەڵێت : **(٠٠٠ لەبەرئەوەش کە بە تاڵی‌کردنەوە بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت شیعرێکی هاو بیرو هاوسۆزو بەهرەدارانەی وەك ئەوانەی پێشوو بڵێت ، مەسلەحەت**

وایە بێدەنگ بێت...هۆیەکانو زامەکانیش زۆر لەوە قووڵترو بەسوێترن کە ووشکەگڵەیی‌و تاسەی سەرپێی ئەم‌وئەو کار لە شاعیر بکات‌و بجوڵێت[10])٠

وەك ئەبینین (کاکەی فەللاح) ، زۆر بە دڵنیاییەوە وای پیشان‌ئەدات کە من جارێکیتر ناتوانم شیعرێکی وەك هی جاران بڵێم ، جگە لەمانە گەلێ قسەی تریش ئەکات کە لێرەدا جێی باسکردنیان نییە ٠

★ ★ ★

وەك لەنوسینەکەی (کاکەی فەللاح)و ئەوانیتردا دەرئەکەوێت ، ئەو نووسەرانەی باسی ئەو قۆناخانە ئەکەن کە شیعری منی پێدا تێپەڕیوە دووخاڵ هەیە نایزانن :ــ

یەکەم : ئەوە نازانن کە لەسەرەتای ژیانی ئەدەبیمەوە ، جگە لە سەردەمێکی کورت ، قوتابخانەی (ڕۆمانسی) کاری تێکردوم ، پێش ئەوەی هیچ ئەدەبێکی (ڕیالیزمی) ببینم ، هەروەها ئەوە نازانن : کاتێك کەچومە مەیدانی سیاسەتەوە ، من لەقۆناخی خۆشەویستی دووەمیش تێپەڕیبوم ، ئەگەرچی کارتێکردن‌و شوێنەواری تاچەند ساڵێکی تریش هەر مابوو ٠ بەپێچەوانەی ئەوەوە کە (کاکەی فەللاح) ئەڵێت : (شاعیر لەدنیایەکی ریالیزمی سەرقاڵی کاروباری بیروباوەڕی سیاسی‌و..جم‌وجوڵی ڕۆژانەوە، ڕوی‌کردە مەڵبەندی سۆزی ڕۆمانسییانەو بەزمی دڵداری[11])..

واتە بەپێچەوانەوە من لەدنیایەکی پڕ جۆش‌و خرۆشی دڵداری‌و

سـۆزی ڕۆمانسـی‌یەوە ڕوم‌کـردوەتە مـەیدانی سـیاسەت ٠
بۆیە ئەبینیت لەسەرەتادا شیعری پڕ سۆزی ڕۆمانسی‌و لەدواییدا
شان‌بەشانی ئـەو ، بابەتی ڕیالیزمی لەشیعرەکانمدا دیـارن ٠
بـەڵام نـابێ ئەوەمان لەبـیربچێت کـە قوتابخـانەی ڕۆمانسی
خـۆی لـە خـۆیدا(دوو ڕێڕەوی جیاوازی تێدایە کـە ئەتوانێن
ڕێڕەوێکیان ناوبنێین ڕێڕەوێکی ڕۆمانسی ڕووت یان‌ـ سەلبی‌ـ و
ڕێڕەوێکی ئیجابی[١٢] ٠٠٠) ٠

کـەئـەمی دووەمیان (پـاڵ بەمـرۆڤەوە ئـەنێت ویستی خـۆی
لەژیاندا بسەپێنێ‌و گیانی بەربەرەکانی تێدا دروست‌ئەکات دژی
نالەباری‌و ژیان‌و ئەو کۆتانەی بەزۆر ئەکرێنە پێی[١٣]) ٠

مـن لەسـەرەتادا ڕێـڕەوی یـەکەم‌و لەپاشـتردا هەردوو
ڕێڕەوەکە لـەشیعرەکانمدا دیـارن وەك لەپێشدا وتم‌و ، تـا
مـاوەیـەکی زۆر هـەردوو ڕێڕەوەکە شـان‌بـەشانی یـەکتـر
ڕۆیشتون ، ئەمەش شتێکی سـەیر نی‌یـە کە ڕێڕەوێکی ئەدەبی
ئەوەنـدە کـاربکاتە سـەر دڵو دەرونی مـرۆڤێکی شـاعیر یـا
هـونەرمەندو شـان‌بەشانی ڕێڕەوێکی‌تر ، تـا ماوەیەکی زۆر
لەژیانیدا بڕۆن بەڕێوە ، چونکە ژیانی دەروونی‌و هەست‌و سۆزو
ناخ‌و هۆشی مرۆڤ ، ئەوەندە سادە نی‌یە ، یان ژورێکی سـادەی
دوو دەرگـا نی‌یـە ، لـەم‌سەرەوە تـەوژمێکی[١٤] تێ‌بکـەیت ،
لەوسەری‌بچێتەدەرەوە ! بەڵکو هـەر شەپۆلێك ، یـان تەوژمێکی
بیروڕا ، یـان تەوژمێکی سۆزو خۆشەویستی‌و هونەر ، کـە چوە

دەروونو ناخی هەستەوەو ، ڕەگی داکوتا ، هــەروا بەئاسانی ، شوێن بۆ تەوژمێکی نوێ بەجێناهێڵێ ، بەڵکو لەتەکیدا ئەکەوێتە زۆرانبازی ، بگــرە لەوانەیە تــا ماوەیەکی زۆر هــەردووکیان شوێنەواریان لەدڵو دەروونندا دیاربێت ، تا لەدواییدا ، یەکێکیان سەرئەکەوێت •

گومانی تێدا نی‌یە، منیش وازم لەشیعر نەهێنایە، یەکێك لەو ڕێڕەوانە(یان ئەو تەوژمانە)بەسەر شیعرەکانمدا زاڵئەبوو••، وەمن لامەوایە ڕێــڕەوی دووەم ، واتــە : ڕێــڕەوێکی (ئیجابی) شۆڕشگێڕانەم ئەگرت ، چونکە بەڕاستی لەساڵی ١٩٥٧ دا خۆم هاتبوومە سەر ئەوبڕەو بۆئەوەی خوێنەرانی (ڕازی تــەنیایی) ئــەو تــەمومژی نائومێدیو ئــاوازە گــریاناوی‌یەی شیعرەکان کاریان تێنەکەن ، ئەوەبوو لەسەرەتای چاپی یەکەمدا ووتبــوم (••• **حەزناکەم ، بەمن‌بێت ، گوێی هیچ گەنجێکی کورد بــەو چــەشنە ئاوازانە بئاخنرێ کــە سەرتاپا بــۆ ئافــرەتو دلداری ئەلاوێنێتەوە**[١١]) • بــەڵام داخەکەم زۆربەی ئــەو نووســەرانە ، یان لەم قسانە تێنەگەیشتوون ، یان زۆرچاك تێی‌گەییشتوونو خۆیانی لێهەڵئەکەن • لەناو هەموو ئەو کەسانەدا کە لە (ڕازی تەنیایی) دواون، تەنیا لاوێکم دیوە کە تاڕادەیەکی زۆر لەو چەند دێڕە تێگەییشتبێت ، ئەویش شاعیری لاو کاك (ئەنوەر قادر)ە • بەهەرحاڵ با بێیینەوە سەر خاڵی دووەم •

دووەم : ئــەو نووسەرو ڕەخنەگرانە ، هــەتا ئێستا نازانن

شیعرەکانی مـن هەریەکەیان کـەیو بۆچی ووتراونو کـامیان پێش کامیان کەوتوون • لەبەرئەوە زۆر جار لەگۆترە شیعرێك کە لەسەرەتای ژیانی هەرزەکاریمدا ووتراوە ، ئەوان ، بەهی سـەردەمێکی تری دائەنێنو بەئارەزوی خۆیان مەبەستیشی بـۆ دائـەنێن داخـەکەم لێرەدا بواری ئـەوەم نی‌یە لەیەك بـەیەکی شیعرەکـانم بدوێم ، لەبەرئەوە هـەڵی‌ئەگرم بـۆ نامیلکەیەکی تـایبەتی ، بـەڵام بەهـەلی ئەزانم کـە لەبـەشی دووەمی ئـەم پێشەکی‌یەدا بـەپێی پێویست باسی هەندێکیان بکەمو مێـژوی هەریەکەیان ناونووس‌بکەم •

پێش‌ئەوەی باسی ئـەم چـاپە تازەیە بکـەین ، بـا باسێکی چاپی یەکەم بکەین ، کە لەساڵی (١٩٥٧)دا چاپکراوە(١٧) •

لەکـاتی خۆیداو لەچـەند ماوەیـەکی دوور لەیـەکتردا ، زۆربەی شیعرەکانی (ڕازی تەنیایی)م ، بۆ هاوڕێی خۆشەویست (کاك مەحمود تۆفیق(١٨)) بەخەتی خۆم نوسیبو ، لەسەر داخوازی خۆی • لەدەوروبەری (١٩٥٧)دا ڕۆژێك کاك (مەحمود تۆفیق)م توش‌بوو لەیەکێك لەشەقامەکانی سلێمانیدا مامۆستا (مـەعروف خەزنـەدار)ی لەگەڵـدابوو ، کە ئەویشـ یەکێکە لەو هـاوڕێ بەڕێزانەی لەکۆنەوە ئەمناسین ، وابـزانم (جەمـال خەزنەدار) یشـیان لـەگەڵدابـوو ، پـاشـ وەسـتانو چـاکی‌و چـۆنی ، کاك (مـەعروف) کە ئەوسـا هێشتا دکتـۆرای وەرنەگرتبوو ، ڕوی‌تێ‌کـردمو ووتــی : (ئێمە بڕیـارمـانداوە شیعرەکـانت

چاپ بکەین) ٠

هەرچەندە لەسەرەتاوە من ڕازی نەبووم‌و ووتم من شیعرم نی‌یەو ناتانـدەمێ ، بـەڵام کە ئەوان دەستنوسەکەی خـۆمیان پیشاندام کە بۆ (کاك مەحمود)م نوسیبوو ، ناچاربوم بڵێم باشە بـەڵام پێم‌ووتن زۆری ئـەم شیعرانە ناتەواون‌و چـاپکردنیان شتێکی ڕاست نی‌یە ، کەچی (کاك مەعـروف) بڕوای وابوو کـە تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان ناتەواون ، هـەر تینوێتی خەڵك ئەشکێنن ، چونکە تاڕاددەیەك مەبەستیان داوە بەدەستەوە٠ لام‌وابێ زۆرتر مەبەستی ئەوەبوو ناچـارم‌بکات تەواویان‌بکەم ، بەهەرحاڵ لەساڵی (١٩٥٧) دا، چاپکراو لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شیعری تـرم هـەبوو کـە لـەو چاپـەدا نەنووسراوە ، وەك :

(١) شیعری (فەلسـەفەی دڵـداری) : کـە یـەکێکە لـەشـیعرە جوانەکانی (شیلی)و من لەکاتی خۆیدا لەگۆڤاری (المجلة)ی (عبدالحق فاضل)ەوە وەرم‌گێڕابووە سەر کوردی‌و لەساڵی (١٩٣٩)دا لـە (١٤ی ئـەیلول) لـەڕۆژنـامەی (ژیـن)دا بڵاوکراوەتەوە ، هەروەها لەپاشا لەژمارە (٣ـ٤)ی گۆڤاری (گـەلاوێژ)ی سـاڵی (١٩٤٢)دا بـڵاوکراوەتەوە ، بـەڵام ناوەکەی گۆڕاوە بە (فەلسەفەی دڵداران,,,) ٠

(٢) شیعری (بێ‌ئارامی) : ئەمیش هەرچەند شیعرێکی کەمە بەڵام وێنەی بێ‌ئـارامی‌یەکی دەوری هـەرزەکاری ئەکێشێ کـە لـەنێوان (١٩٣٨ـ١٩٣٩)دا نوسراوەو هـاوڕێ‌یەکی وەك

کاك (عومەر عارف) نەبێت کەسی‌تر لەمنی نەبیستوە ·

(٣) شیعری (پەیامی یار) ، یان (لەیارەوە) : ئەم شیعرەش هەر لەچاپی یەکەمدا نی‌یە ، چونکە دوای چاپی یەکەم ووتراوە · لەبیرمدێ لەکاتی خـۆیدا ، واتە لەحوزەیرانی (١٩٥٨)دا هـاورێی هـونەرمەند (قـادر دیلان) داوای‌لێ‌کـردم کـە شیعرێکی بۆ دابنێم بۆ ئاوازی گۆرانی بشێت ، منیش ئەمەم بـۆ داناوە کە بـۆ یەکەمجار لـەهۆڵی کتێبخانەی گشتی ، (عـومەر ڕەزا) بـەئاوازەکەی (قـادر دیلان)ەوە ووتی ، بـەبۆنەی چیرۆکێکی شانۆگەری‌یەوە کە هاورێی بـەڕێزم کاك (مستەفا سالح کەریم)(٢٠) داینابوو ·

(٤) شیعرێکی عـەرەبیم هـەیە بـەناونیشانی (صلوات المحب)و لاموایێ ئەمە دووەم جارە شیعر بەعەرەبی بڵێم ، یەکەمیان هێشتا قوتابی بووم لە(مامۆستایان)، لەئەنجامی گرەوێکدا نوسیم ، داخەکەم ئێستا هەر چوار دێڕی یەکەمم بیرماوە · بەهەرحاڵ ، بێینە سەر باسی (صلوات المحب) ، لەو سالەدا کـە لاموایێ (١٩٥١)بوو گـۆڤارێکی ئێستگەی ڕادیـوی لبنانیم دەستکەوت ، وابزانم (هنـا بـیروت)ی ناوبوو · زۆرتر لەبەرئەوە کڕیم شیعرێکی عەرەبی تێدابوو کە ئێستا لەبیرم‌نەماوە ڕەنگە (قطرات ثلاث)ی (ئەحمەد سافی) بێ · هەروا چـاوم بەگۆڤارەکەدا ئـەگێڕا ، (گرەوێکی شیعری) تێـدابوو بـۆ شاعیران ، کە هەرکەسێك بتوانێت شیعرێکی

دڵداری بنێرێت بۆ ڕادیۆی بێروت‌و لیژنه‌ی تایبه‌تی ئێستگه په‌سه‌ندی‌بكات ، خه‌ڵات‌ئه‌كرێت‌و سێ خه‌ڵاتی بـۆ دانرابوو وه یـه‌كێك له‌مه‌رجه‌كانی ئه‌وه‌بوو (١٠) شیعر لـه‌وانه‌ی، لیژنه‌كه په‌سه‌ندی‌ئه‌كات ئاوازی بـۆ دابنرێت‌و ببێته ماڵی ئێستگه‌و مه‌رجێكی تریشی ئه‌وه‌بوو كـه شیعره‌كه له‌دوانزه به‌یت پتر نه‌بێت ، ئه‌وه بووه‌هۆی ئه‌وه‌ی ئه‌و شیعره دابنێم ، به‌ڵام كه‌گه‌ڕامه‌وه بـۆ گۆڤاره‌كه تاكو ناونیشانی ته‌واوی ئێستگه‌كه بـزانم ئـه‌م مه‌رجه‌ی تـرم دی كه‌نووسـرابو : (تـه‌نها شاعیرانی لبنان ئـه‌توانن لـه‌م گره‌وه شیعری‌یه‌دا به‌شداربن) ، له‌به‌رئه‌وه نه‌منارد ، هـه‌رچه‌نده له‌دواییشدا بیرم كۆڕی به‌ڵام تازه كاتی خۆی تێپه‌ڕیبوو ·

ئینجا بـابێینه سـه‌ر باسی ئـه‌و سێ شیعره‌ی كـه له‌چاپی یه‌كه‌مدا به‌ناته‌واوی مابوونه‌وه‌و له‌ساڵی(١٩٨٣)دا ته‌واوكران·

ئـه‌م سێ شیعره هـه‌رچه‌نده چـه‌ند قسه‌یه‌كیان لێ‌كراوه‌و قسه‌كان هیچیان مه‌به‌ستیان نه‌پێكاوه ، واته ئه‌وانه‌ی باسی ئـه‌م شیعرانه‌یان‌كردوه ، له‌خۆیانه‌وه لێی‌دواون ، لـه‌گه‌ڵ ئـه‌وه‌شدا خۆشـم حـه‌زم‌كردوه ته‌واویان‌بكه‌م ، نـه‌ك هـه‌ر له‌به‌رئه‌وه‌ی ناڕاستی قسه‌و بۆچوونه‌كانی ئـه‌وانه به‌خوێنده‌واران بسه‌لمێنم ، بـه‌ڵكو له‌به‌رئه‌وه‌ی كـه به‌ڵێنیشم دابـوو هه‌رچۆنێك بێت ئـه‌م شیعرانه ته‌واوبكه‌م · ئه‌وسا (كاكه‌ی فه‌للاح) له‌ساڵی (١٩٧٧)دا ووتاره‌كه‌ی دابـوو(١) ، وه‌كـو ووتـم مـن لـه‌م ناوه‌نه‌بووم‌و نه‌شم‌ئه‌زانی كه ته‌واونه‌كردنی ئه‌و شیعرانه‌و بێده‌نگی ئه‌م چه‌ند

سالەم بەجۆرێکی تـایبەتی لێکدراوەتەوەو کراوە بـەبەڵگەیەك بۆئەوەی کە من هەرگیز ناتوانم شیعربڵێم • بەڵام کە هاتمەوەو ئەمقسانەم خوێندەوە ، بڕیارمدا کـە ئەمشیعرانە تەواوبکەم ، بـا زۆر لەسەری نەڕۆینو بێینە سەر شیعرەکان :

(١) شیعری (دڵداری کچی تازە) کە لەبنەڕەتا ناوی (دووچەشن دڵـداری)یـە :

(کاکەی فەللاح) کەباسی ئـەم شیعرە ئەکات ، کە ئـەڵێت :

(ئەم دڵەی وەك بتپەرستێ ڕووئەکاتە چاوەکەت
(نوێژئەکا بۆ تیشکی چاوو زوڵفە تێکئاڵاوەکەت•••هتد)

وائەزانێت کـە شیعرەکە (هـەمان چیرۆکی خۆشەویستی[٢٢])ی منـەو گـوایا (بـەچکە دەوڵەمەنـدێك[٢٣]) خـۆشەویستەکەی (لێزەوتکـردوم[٢٤]) ، کـە ئـەمانە هـەرسێکیان ڕاستنـینو بەڵگەیەکن بۆئەوەی مامۆستا ئاگاداری باسەکە نییەو لەخۆیەوە قسەئەکات • بۆئەوەی خوێندەواری خۆشەویست ئاگاداربێت ، ئـەڵێم : لەسـاڵی (١٩٥٠)دا لـەئەنجامی چـەند گـفتوگـۆو قسـەگـۆڕینەوەو لێدوانێکـی دوورو درێـژی ئەوسـادا ، وام بەبیرداهات کەچەند شیعرێکی دڵداری ڕێکبخەم کە لەناوەرۆکدا جیاوازی چینایەتی پیشانبدات ، بەڵام بەجۆرێك بێت کە لەگەڵ زەمینەی گشـتیی شیعرەکەدا بگـونجێت ، نـەك بـیروڕایەکی ناسازبێتو بەزۆر ئاخنرابێتە ناو شیعرەکەوە • لەمڕووەوە هەر دووشیعرم پێووترا ، یەکەمیان شیعری (ست فاتمە)بوو ، ئەوی

تریان (دڵداری کچی‌تازە)بوو کە لەبنەڕەتدا نـاوی (دووچەشن دڵـداری)یە ٠

بەڵام شیعری (ستفاتمە) وەك لەپاشدا باسی‌ئەکەم ، یـەك دوو هۆی تریش هەبوو بۆدانانی ، بـەڵام ئـەوی گـرنگە لێرەدا ئەوەیە : ئەو پەلاماردانی(خـاوەن‌تەلارو عـانە)یەی لـەشیعری ستفاتمەدا هەیە لەڕاستیدا زیاتر ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پڕۆژەیەی کەووتم ، نـەك بـۆ جیاوازی چینـایەتی نێوان من‌و ئـەوکچەی لەوێدا ناونراوە (ستفاتمە) ٠ لێرەدا مەبەستم ئەوەنی‌یە کە ئەو جیاوازی‌یە نەبوو، چونکە لەڕاستیدا ئەوکاتە من بێ‌ئیش بووم ، **بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو کچە زۆر هەژاریش بوایە من هەروام پیشان‌ئەدا کە لەچینێکی لەخۆم بەرزترە ، چـونکە وەك لەپێشدا ووتم مەبەستەکە دەرخستنی جیاوازی چینـایەتی بـوو لەشیعرێکی دڵداریدا ٠**

بێینەوە سەر باسی(دووچەشن دڵداری)یەکەی لەمەڕخۆمان ، سەرکەوتنم لەشیعری (ستفاتمە)دا ، هانی‌دام کە شیعرێکی تـر دابنێم سـەرومڕ بـۆ ئـەومەبەستە تـەرخان‌کرابێت کـەووتم ، بـۆئەمەش چـیرۆکێکم بەبـیرداهات کـە زۆرجـار لـەژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕوئەدات ، ئـەویش ئەوەیە ، کوڕێك کـە لەپلەی کۆمەڵایەتیدا هاوچینی کچێکە یـان کەمێك خوارترە لەو ، حـەز لەکچـە ئەکات‌و بەتەمایە بیهێنێ ، بـەڵام کچەکە حـەز لەوکوڕە دەوڵەمەندە ئەکات کـە بـەخۆی‌و کادیلاکەکەیەوە دەوروخـولی

کچەئەدات ، بەڵام نەك بۆئەوەی بیهێنێت ، بەڵکو بۆئەوەی وەك پیشەی خۆی لەگەڵیدا ڕابوێرێتو پاشان وەك گوڵی سەرمێزەکەی بەمیسو ژاکاوی فڕێیبدات • بەکورتی چیرۆکەکە بریتییە لەوەی کە باسمانکرد ، لەبەرئەوە خۆم خستە شوێنی کوڕە هەژارەکە ، کەووتمان لەپلەی کۆمەڵایەتیدا هاوچینی کچەکە ، یان کەمێك خوارترەو ئەو قسانەم پێووتوە کە لەم چاپە تازەیەدا ئەیخوێننەوەو کورتەکەی ئەوەیە بەکچەکە ئەڵێم : هەرچەندە کەتۆ بەتەمای ئەوکوڕەیت بەڵام ئەو ناتهێنێتو وەك گوڵی سەرمێزەکەی سەیرتئەکاتو هەر کە لێتتێرو بێزاربوو فڕێتئەداتە سەرەنوێلکان •

قسەکانیش هەموی لەدەوری یەکشت ئەسوورێتەوە کە

ئەویش ئەوەیە لەخۆشەویستی دوو کەسی جیاوازدا خۆشەویستی دوو چینی جیاواز پیشانبدات ، چینێك ئافرەت بەهۆی ڕابواردن ئەزانێتو چینێك کە بەهاوڕێی ژیانیئەزانێت سەرکەوتنو سەرنەکەوتنیشم باسێکیترە ڕوناکبیران ئەکەم بەسەرپشك •

(٢) (دڵێکی تێکشکاو) : ئەم شیعرە کە لەچاپی یەکەمدا ناوی (نائومێدی)یەو بەم بەیتە دەستپێئەکات :

(بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاووم

شریتی عومری ڕابوردوو وەکو خەو دێتەبەرچاوم•••هتد)

سالی ١٩٤٦ دانراوەو لێرەدا بەتەواوکراوی پێشکەشی

خوێندەوارانی ئەکەم کە لەنیسانی (١٩٨٣)دا تەواومکردوە ، واتە دوای نزیکەی (٣٧) ساڵ .

ئەم شیعرە بەسەرهاتێکی دڵداری‌یەو هیچی‌تر ، تەنانەت لەکاتی خۆیدا بوو بەهۆی مقۆمقۆو قسەلێ‌کردنی برادەرانی ئەوسا ، لەورووەوە کە کەسێك خاوەنی بیروڕایەکی پێشکەوتنخوازبێت ، نابێ شیعری گریاناوی‌و پڕ لەنائومێدی بڵێت‌و ، هاوڕێی بەڕێزم کاك (عومەر عارف)و گەلێکی‌تر لەبرادەرانی ئەو دەورە ، ئاگاداری ئەمەن .

بۆیە هەرکەسێك پیەوێت لەم‌شیعرە بەئارەزوی خۆی ئەنجام دەربهێنێت‌و یان بیکات بەبەڵگەیەك بۆ مەبەستێکی سیاسی ، تەنیا نەشارەزایی خۆی بەرامبەر بەم‌شیعرە ئەسەلمێنێت‌و هیچی تر .

ئێستا کەشیعرەکە لە (٧)بەیتەوە بووە بە (٣٣)بەیت ، پێشکەشی ڕوناکبیرانی خۆشەویستی کوردی ئەکەم‌و هیوام‌وایە هەمان چێژو تامی (٧)بەیتەکەی پێشووی لێ‌وەرگرن ، هەروەك پێشکەشی ئەوانەشی ئەکەم کەبڕوایان وابوو من جارێکی‌تر ناتوانم ئەم شیعرە تەواوبکەم .

(٣) شیعری (تەپڵی بەتاڵ) :

(کاکەی فەللاح)شیعری (تەپڵی بەتاڵ) بەم‌جۆرە پێشکەش ئەکات‌و ئەڵێت : **(بۆئەوەی باشتر لەحاڵەتە بیروو دەرونی‌یەکەی شاعیر بگەین ، حەزدەکەم گوێ‌یەك لەتەپڵی بەتاڵ بگرین[١٠] ...)** بەم‌جۆرە (کاکەی فەللاح)شیعرەکە

پێشکەش ئەکات کە لەچاپی یەکەمدا هەموی (١٠) نیوەبەیتە :

(وەمزانی کەناموسو حەیا نرخی کورانە
ڕاستگۆییو وولاتپەروەری ئەنجامی ژیانە[٢٦] ٠٠٠)

لەپاشدا (کاکەی فەللاح) کە ئەمە ئەنووسێت ، ئەڵێت :

(کەواتە بەپێودانی بڕوای ئەم شیعرە ، ناموسو حەیاو ڕاستگۆییو وولاتپەروەری سووکن ، ناوێکی زلن وەک تەپلی بەتاڵ ، بەدەنگ گەورەو بەناو بۆشن[٢٧] ٠)

لێرەدا هەرئەوەندە ئەڵێم کەتەنانەت ئەگەر شیعرەکەشم بەوجۆرەی ئێستا تەواونەکردایەو ، ناوەڕۆکەی شیعرەکە هەر لەسەر تەوسو توانج بڕۆشتایە ، لاموایە لەتیرو توانجەکانی سەدەها شاعیری تر ، تیژتر نەبوو ، کە لەمبارەیەوە ووتویانە ٠ بەهەرحاڵ ئەگەر (کاکەی فەللاح) هەربەوەوە بوەستایە ، ئەمانووت شیعرەکە بەئارەزوی خۆی لێک ئەداتەوەو ، یاهەرئەوەندەی تێگەیشتوە ، بەڵام (کاکەی فەللاح) بەوەوە نەوەستاوە ، ئەوەتا دوای یەکدوو دێڕەکەی پێشوو ئەڵێت : «ئەمە هەڵچوونێکی دەروونیو وێنەیەکی تووڕەی باوەڕپێکراوی سەردەمێکی ژیانی ئەمشاعیرەمانە ، کەئەم فرمانە بەربڵاوو دەمبڕانەی تێدا دەرکردووە ، کە ڕاستوڕاست ، ٠٠٠ وێنەی تێکشکانی سیاسیو بڕوانەمانی بەبنچینەو بنەڕەتیە بیریو فەلسەفییەکانی جارانییەو تەواو پێچەوانەی قۆناخی پێشوویەتی[٢٨] ٠٠٠» ، لێرەدا من وەڵامی ئەم لەسنوردەرچوونەی

مامۆستا نادەمەوە ، بەلکو شیعرەکەخۆی ئەکەم بەبەلگەیەك بـۆ بەربەرەلایی‌و درشتی‌و وردنەبوونەوەی قسەکانی خـۆی • ئـەم شیعرە کە سالی (١٩٥١)بۆ یەکەمجار دانراوەو لەحـوزەیرانی (١٩٨٣)،،،دا تەواوکراوە ، بـریتی‌یە لەبەسەرهاتی کابرایەکی ڕوخـاو کـە بەتوڕەیی‌و توندوتیژی‌و لێوکرۆژتنەوە ملی ڕێگەی گرتووەو ئەمقسانە ئەکات لەبەرخۆیەوە ، تائەکاتە بەرتەلارێك کە ئەچێتەژوورەوەو قەوالەی ڕوخاندنی خـۆی مـۆرئەکات • جـا تەلارەکە کوێیـە یان چی‌یـە ؟ بـەجێ‌ئەهێلم بۆ خـەیالو ئەندێشـەی خوێنـدەواری خۆشـەویست • لەپاشـدا پلەبـەپلە بەرزی‌ئەکەنەوەو ئەکاتە پایەیەکی بەرزو ئەوسـا هەلپەرستانی وەکخـۆی لی‌کۆئەبنەوە ••• بـەلام ئـەم کابـرا ڕوخاوە وەك هەموو کەسێك هاوڕێیەکی نزیکی هەیە کە سالەهای سال پێکەوە ڕازونیازیان گۆڕیوەتەوەو شان‌بەشانی یـەك تێکۆشاون ، ئـەم لـەگەل ئەوەدا کەڕوخاوە ، هاوڕێکەی هـەر لەبـیرە یـان بلێین نامەیەکی ئەوهاوڕێیەی هەمیشە لەبیرەو جاروبار لەکاتێکدا کە خەمو خەفەتی لی‌ئەوروژێت ، نـامەی هاوڕێکەی ئەخوێنێتەوە کەوا دیارە وەلامی نامەیەکی خـۆیەتی • هاوڕێکەی لەنامەکەدا ئەلێت : «تۆ پاکانە بۆ کورسی پەرستی‌ی خۆت ئەکەیت‌و ئەتەوێ وام تێ‌بگەیەنیت کـە گـوایە بـۆ خـزمەتی گـەل لـەدوژمنان نزیك‌بوویتەوە بـەلام ئەوەبزانە تەنانەت خزمەتێکی بچوکیشت پێ‌ناکـرێت ، بـەومەرجـەی لەگـەل سـوودی سـەری‌گەورەدا

نەگونجێت ، خۆ ئەگەر ئەو سەری گەورەیە بیەوێ پیلانێك
هکێشێت نەك هەر ناتوانی بەرهەڵستی بکەیت ، بەڵکو هەرخۆت
ئەکات بەمقاشێك بۆ ئەو پیلانە ، ئەوسا تێ ئەگەیت ئەو
گەورەیی یەی تۆ باسی ئەکەیت (تەپلی بەتاڵ)ە • واتە بەکورتی
مەبەست لە (تەپلی بەتاڵ) کابرایەکی ڕوخاوە ، جا ئەمە
کێ ئەگرێتەوەو لەکێوە نزیکترە ؟ خوێندەواران ئەیزانن ! •

دوای ئەوەی باسی تەواوکردنی ئەو سێ شیعرەمان کرد ،
پێویستە هەندێك لەشیعرەکانی تر بدوێین‌و ئەو تەم‌ومژە
بڕەوێنینەوە کە بەخۆڕایی دەوری گرتوون ، لەوانەی کە قسەیان
لەسەرە :

(١) شیعری (ستفاتمە) : وەك لەپێشەوە ووتمان ، ناوەرۆکی
ئەم شیعرە هەرچەندە کەباسی چینایەتی‌و جیاوازی چینایەتی
تێدایە ، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆژەیەی کە لەپێشدا باسم‌کرد ،
نەك بۆ جیاوازی پلەی کۆمەڵایەتی نێوان منو ئەوکچەی
شیعرەکەی بۆ دانراوە • ئەمێنێتە سەر هۆی شیعرەکە ، ئەوی
ڕاستی بێ هۆی یەکەم ئەوەیە کە لەوکاتەدا ، واتە لەساڵی
(١٩٥٠)دا کچێك سەرنجی ڕاکێشابوومو ، بەپێچەوانەی ئەوەوە
کە لەشیعرەکەدا دەرئەکەوێت ، ئەو کچەش ، هەمان هەستی
بەرامبەر من هەبوو بەڵام هەستی هەردووکمان دوراندوربوو ،
هەروەها من ئەوساکە ، ئەو هەرزەکارەی جاران نەمابووم ، کە
بەچاوپێکەوتنێك زمانم ببەسترێ وەکو لەشیعرەکەدا

پیشاندراوە، هەروەك هەوڵی ئەوەم نەداوە، ئەو خۆشەویستی یە لەو قۆناغە تێپەڕبكات بۆ قۆناغێكی تر • هۆی دووەمی ئەوشیعرە، ئـەوەیە : لەهەمان ساڵدا ، هاوڕێی بەڕێـزم كـاك (ئەكـرەمی عیززەت نەجیب) ، كـە لەوكاتەدا لەكـۆلیجی (حقوق) بـوو ، شیعرێكی بـۆ هێنام كە یەكێك لەشاعیرانی ئـەو كۆلیجە ، بەسەر كچەقوتابی یەكانی ئەوسای ئەو كۆلیجەدا هـەڵیدابوو ، شیعرەكە زۆرجوانبوو و یەكبەیەك ناوی كچەكانی هێنابوو ، جگە لەوەی كە (جوانی ی) تایبەتی هەر یەكێكیانی وەك چەپكەگوڵێكی ڕازاوە پیشاندابوو وەك خـۆم بەبـیرمداهاتو ، یـان كاك (ئەكـرەم) پێشنیازیكرد ویستم شیعرێكی لەوبابەتە دابنێم ، بەڵام ئەوسا ، واتـە سـاڵی (١٩٥٠) زۆربـەی ئـافـرەتـانـی لای ئێمـە پەچـەیانئەگرتەوە ، و هیـچ دەسـتەیەكی وا لـەئارادا نـەبوو شـیعریان پێـدا هـەڵبدرێت ، بێجگـە لـەوانەی مـامۆسـتای قـوتابخانەبوون ، لـەبەرئەوە لەپێشـدا ویسـتم نـاوی چـەند مامۆستایەك لەوانە كەپێی ئەڵێن (ست) ، بهێنمو هەریەكە بەپێی ئەو جوانی یەی تێیدایە پێیداهەڵبدەم ، بۆ ئەم مەبەستەش چـەند بەیتێكم دانا كـە پێویستناكات لێـرەدا باسیانبكەم ، لـەپاشدا هاتمەسەر ئـەوەی كـە هەمووی بەسەر ئـەوكچەدا هەڵبدەم كـە لەپێشدا باسمكردوەو ناوی (ستفاتمە)م لێنا •

بەكورتی هـۆی دانانی شیعری (سـتفاتمە) ئـەوانەبوون كـە باسـمكردن ، و پێشـ هـەموویان پـەلامـاردانی چینـی

دەسەڵاتدار بوو لەشیعرێکی دڵداریدا ، و بۆئەوەی بەسەرهاتەکە کاریگەرتربێت ، هاتووم خۆم وەك هەرزەکارێك پیشانداوە کە لەئاستی خۆشەویستەکەیدا زمانی گۆناکات ! ، هەروەك خۆشەویستەکەم وا پیشانداوە کەگوێ لەڕازی من ناگرێت ، لەکاتێکدا نەمن ئەو هەرزەکارەبوومو نەئەویش بەوجۆرەبووە کەباسمکردوومو نەخولیای ژنهێنانیشم لەسەردابووە تا (کۆشكوتەلار)لێکمان دووربخاتەوە ، یان ببێ بەدەرکی مەموزینی نێوانمان •

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە ، ئەویش ئەوەیە : «ئایا شاعیرێك ئەبێ وەك (فۆتۆگرافێك) وێنەی دەوروپشتی خۆی بگرێت ؟ یان بۆیهەیە سەربەستبێت لەهەڵبژاردنی وێنەو تێکەڵکردنی ئەو ڕەنگەو سیفاتانەدا کە ئەیەوێ وێنەیان بگرێت ؟ هەرچەندە لێرەدا شوێنی ئەوە نابێتەوە بەدرێژی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە ، بەڵام ئەوەندە ئەڵێم ئەگەر وێنەگرتنی (فۆتۆگرافی) بکەین بەمەبەستی سەرەکیی شیعرو ئەدەب ، ئەبێت هەزارەها چیرۆکو شیعری بەرزی جیهان ، هەر لەیۆنانو ڕۆمانەوە تائیمڕۆ بخەینە پشتگوێ(٣٠) •

بابێینەوە سەر باسی شیعرەکەی (ستفاتمە) ، کاتێك شیعرەکە بڵاوبووەوە ، بوو بەمایەی قسەوقسەڵۆکی هەندێك لەوانەی کەخۆیان بەباسی لاوەکیی شیعرەکەوە سەرقاڵئەکرد وەکئەوەی : ئەبێ ئەم (ستفاتمە)یە کێ بێت ؟ ، یان

لە(فاتمـە)کـاندا کامیان جوانتـرن ؟ ... هتد . وەك هـەموو مەبەستێکیان ئەوەیێت باسی (متفاتمە)بکـەن بە بنێشتەخۆشەی ژێردانیان ، لەمەش ناخۆشتر ئـەوەبوو کـە زۆربەی ئـەوقسەو بەندوباوانەیان ، ئاراستـەی یـەکێکی دیاریکراو ئـەکرد جـا لەبەرئەوەی سنوورێك بـۆ ئەوقسانە دابنێمو سەرنجی خـەڵکی لـەوانە دووربخـەمەوە کـە نـاویان‌ئەهێنـان ، نـاچاربـوودم لـە(١٩٥٧)دا کـە بـۆیەکەمجـار شـیعرەکانیان چـاپکـرد ، ڕوونکردنەوەیەك لەسـەر شیعرەکە بنووسم ، چـونکە ئـەمزانی ئـەوجـۆرە قسـانە بـەهۆی چـاپکردنی شـیعرەکەوە دیسـان سـەرهەڵئـەدەنەوە ، بـۆیە ئـەم ڕوونکـردنەوەیەم نـووسی : «ئەمەوێت خوێندەواری خۆشەویست ئەوە بزانێت کە ناوی فاتمە وەنەبێت ناوێکی ڕاستەقینەبێت ، بـەڵکو وەك لەگەڵێ چـیرۆکدا نـاوی خـواستەمـەنی بـۆ قارەمانی چـیرۆکەکە دائەنـرێت ، ئـەمیشـ شـتێکە وا .... هتـــد»(٣١) واتـە نـەموتـــووە (ئەوکەسەی ئـەم شیعرەی بـۆدانراوە شـتێکی ڕاست نی‌یە) ، بەڵکو ووتـــوومە : (ناوی فاتمە وەنەبێ ناوێکی ڕاستەقینەبێت) کە دیارە جیاوازی‌یەکی زۆر هـەیە لەنێوان ئـەم دوو قسـەیەدا ، لەپاشدا ئەم‌مانایەم بەجۆرێکی‌تر دووبارەکردوەتەوەو ووتوومە: «وەکو لـە گەڵێ چـیرۆکدا ، نـاوی خواستەمەنی بـۆ قارەمانی چـیرۆکەکـە دائـەنرێت ، ئەمیشـ شـتێکە وا» واتـە نـاوەکە ناوێکی خواستەمەنی‌یە نەك قارەمانەکە ، وابزانم پێویست‌نەکات

لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم ، چونکە ڕوونکردنەوەکە زۆر ئاشکراو دیارە ، لەگەڵ ئەوەشدا هیوا هەیە ئەم ڕوونکردنەوە ئاشکراوڕوناکە بەپێچەوانەوە تێ‌گەیشتوە ٠ وەك ئەو ووتارەی نووسەری لاو کاك(جەمال محەممەد) لە (ڕۆژی کوردستان)دا دەربارەی (ڕازی تەنیایی) نووسیویەتی‌و ئەڵێت : (٠٠٠٠ ئەو وێنەیەی کە هەردی بۆی ئەخشاندوین ٠٠٠ وامانلێ‌ئەکات کەبلێین هەردی دلدارێکی گەورەی سەردەمەکەی خۆی‌بووە ،کەچی هەردی خۆی ڕەفزی ئەم واقیعە ئەکات ، بەتایبەتی لەشیعری (چەپکەگوڵێك بۆ ستفاتمە)دا ئەڵێت : (ئەمەویٚ خوێندەوار ٠٠ ئەوە بزانێت کە ناوی فاتمە وەنەبێت ناوێکی ڕاستەقینەبێت ٠٠ هتد)(٢٢) لەپاشدا (کاك جەمال) بەوەشەوە ڕاناوەستێت‌و ئەڵێت : کەواتە بەم پێوانەیەبێت مامۆستاهەردی نەدلداربووەو نەدلداریشی کردوە)(٢٣) ٠ من لێرەدا مشتومڕ لەسەر دلداری ناکەم ، بەڵام ئەو سەرەتایەی ئەو کردوویەتی بەپاڵپشت بۆ قسەکانی ، ئەو ئەنجامە ناگەیێنێ کە ئەو پێی‌گەیشتوە ، جگە لەمانەش کاك (جەمال) گەلێك قسەی تریشی کردوە کە لێرەدا شوێنی وەلامدانەوەی نی‌یە ٠

(٢) شیعری (ئۆبالی خۆت بەئەستۆی خۆت) :

کەوا دەست‌پێ‌ئەکات :

(بەدەستی خۆت کەجامت خستە سەرلێوت غەشیمانە٠٠٠هتد)

ئەم شیعرە هەرچەندە (٣) بەیتەو ئەو هەموو قاوو قسەڕاوخستنە

هـەڵناگرێت کـە هـەندێك دوایانخستوە ، بـەڵام ئەوقسـانە ناچارمئەکەن کەمێك باسیبکەم ، بۆ نمونە (کاکەی فەللاح) ئەم شیعـرە ئـەکـات بـەنمـونـەیـەك بـۆ (مـرۆڤێکی تـوڕەو ڕقلەخۆهەڵساو(٢٩)) لەکتێبەکەیدا ، بەڵام لەوشریتەدا کە لەکاتی ووتارەکەیدا تۆمارکراوە(٣٠) ، ئەڵێت :

«وەك مرۆڤێکی توڕەو شـاعیرێکی پەشیمانو ڕقلەخۆ هەڵساو» ، ئاشکرایە کە مەبەستی لە(شاعیرێکی پەشیمان) ئەوەیە کەگـوایە مـن لەشتێك یـان کارێك پەشیمانبوومەتەوە بۆیە ئـەم شیعرەم ووتـوە . وە لـەبـەر ئـەوەی هـەنـدێکـەسی سـاویلکەشـ وا تێگەیشتوون ،بەپێویستی ئەزانم هەندێك باسی هۆی دانانی بکەم . ئەم شیعرە سەرەتای چیرۆکێکە هەروەك (تەپڵی بەتاڵ)ۆ ئـەو سێبەیتەی پێشەوەی ، قسەی قـارەمانی چـیرۆکەکـەیە ، کـەئەیکـاتو لەپـاش ئەوە خۆیئەکوژێتو کەخـەڵکی ئەچـن بەدەنگیەوە ئەبینن لەکاغەزێکدا تۆبالّی کوشتنی خۆی خستوەتە ملخۆی ، بەڵام هۆی خۆکوشتنەکەی نەنوسیوە ، لەدواییدا پاش چـەندساڵێك ئـافرەتێك کـە ژنی کابرابووە یـان هاوڕێیەکی نزیکی ، لەسـەرەمەرگدا ئـەو بەسەرهـاتە ئەگێڕێتەوەو هـۆی کوشتنی مێردەکەی یان هاوڕێکەی دەرئەخات ، کە پێویستناکات لێـرەدا بـاسیبکەم ، بەکـورتی ئـەم شیعرە بـریتییە لـەوەی کـە بـاسمکرد ، کـە لەپاشـ خۆکوشتنی (حەمـەی کـەریم)ی جوانەمەرگ بەبیرمداهاتووە ، هەرچەندە بەسەرهاتی قارەمانی

ئەم شیعرە زۆردوورە لەبەسەرهاتی (حەمە)ی جوانەمەرگەوەو ، زۆرتـری لـەخۆکوشتنێکەوە نزیکە کـە لەسەرەتـای منـدالیما بیستبووم ، لێرەدا بەوەندە ئەبڕمەوە ٠

لەوانەیە بووترێت : ئـەگەر وەکو (کاکەی فەللاح) ئـەلێت نەگەیشتویتە ئـەوپەڕی (بێهیوایی‌و دەستلەخۆشتن[36]) ، بـۆ کابرایەك ئەکەیت بەقارەمان کەخۆی ئەکوژێت ؟!

لەوەلامی ئەمەدا ئەلێم ، شاعیری زۆر لەمن گەورەتری وەك (گۆتە)ی ئەلمانی لە (ئێش‌وئازارەکانی ڤێرتێر[37])دا قارەمانی چیرۆکەکەی خـۆی‌ئەکوژێت‌و ئاشکرایە کـە ئـەو چیرۆکەش بەسەرهاتی یەکەم‌دلداری‌ی خۆیەتی ، لەگەل ئەوەشدا کەس ئەو گلەیی‌یەی لێ‌نەکردوەو ئەوڕوداوی خـۆکوشتنە هیچی لـەپایەی ئەو کەم‌نەکردوەتەوە ٠

★ ★ ★

پاش‌ئەمانە ، لام‌وایە کاتی ئەوە هاتووە بپرسم : من بۆچی وازم لەشیعروتن هێناوە ؟! پێشـ‌ئەوەی وەلامی ئـەم‌پرسیارە بدەمەوە وای بـەچاك‌ئەزانم چاوێك بەشیعرەکانی لـەمەوپێشی خـۆما بگێـڕم ، تـا لـەبەررونـاکی ئـەو پشـکنینەدا شـتێکم دەست‌بکەوێت‌و بیکـەم بەجەمسەری باسەکە ٠ بێ‌گومان ئـەگەر ڕۆشنبیرێك بۆ ڕاستی‌بگەڕێت لەشیعرەکانی (ڕازی تەنیایی)دا ، دوو دیـاردەی زەق بـەدی‌ئەکات ، یـەکەمیـان ئـەوەیە : کـە لەسالی (١٩٣٩) بەدواوە تاسالی (١٩٤٤)یش (تانگۆی تاقانـە

خـونچەکەی لێدەرچێت) ، مـن تاقەشیعرێکم نـەووتوە کەناوی شیعری لێبنرێت !! کـە ئەمەش دیـاردەیەکی سەرنجڕاکێشەو ئەگەڕێتەوە بۆ جۆری موتالاکردنی ئەو سەردەمەم،کە بریتی‌بوو: لەخوێندنەوەی کتێبی ڕەخنەو لێکۆلینەوەی ئەدەب‌و زمان‌و لەمانە گرنگتر ئەوەیە : لەوسەردەمەدا ، بۆیەکەمجار ، ئاشنایەتیم لەگەڵ سەرەتایەکی (فەلسەفە[٣٨])دا پـەیداکرد • دیـاردەی دووەمیش ئـەوەیە : لەساڵی (١٩٤٤) بـەدواوە یـان ڕاستتر ئەوەیە بڵێم لەدانانی (شۆڕشی نائومێدی)یەوە ، توانیومە خـۆم لەو قۆناغە ڕزگاربکەم ، بـەلام چـۆن ڕزگاربووتێك ؟ ، ئـەگەر چـاوێك بـە(ڕازی تەنیایی)دا بگێڕی ئـەبینی : سـاڵی‌وا هـەیە تـەنیا شیعرێك‌و سـاڵی واهـەیە دووشیعرم تێـداووتوە ! خـۆئەگەر ئەوەمان بیربێت کە سـاڵی واهەیە تـاقەشیعرێکیشم دانـەناوە ، ئەوسا ئـەتوانی بڵێیت : هەندێك‌جار ، لـەدووساڵدا شـیعرێکم پێووتـراوە ! تـەنانـەت ئـەگەر شـیعرە سـیاسی‌یەکانیشـی بخەیتەسەر ، بڕواناکەم شتێکی ئەوتۆ لەم دیاردەیە بگۆڕێت ! ، بێگومان ئەم دیاردەیـە پێویستی بەلێکۆلینەوەو لێکدانەوەیەکی ورد هەیە • هەرچەندە مـن نازانم ئەو ڕۆشنبیرەی سەرنج لـەم دیاردەیە ئەدات، چۆنی لێك‌ئەداتەوە، بەلام من بەش‌بەحاڵی‌خۆم، بـڕوام وایـە : تـۆوی ساردبوونەوەی لەوەدوام ، هەر لەساڵی (١٩٤٤)ەوە خەریکی چەکەرەکردن بـووە لەدەروونمدا ، بۆیـە ساڵی جارێك‌و دووجارنەبێت ، شیعرم نەووتوە •

هەرچەندە ئەمەی ووتم : هێشتا (گریمانە-فەرەزییە)یەکە،

بەڵام ئەوەندە زەمینەکەی پتەوە ، کە پێویستی بەلێکۆڵینەوەو(٣١)
شیکردنەوەیەکی تایبەتی هەیە ، هەرچۆنێك بێت ، ئەوەی
لەمەوبەر باسمکرد ، دەری ئەخات : کەمن هەرگیز شیعرم نەکردوە
بەپیشەیەکی هەمیشەیی ، بەڵکو ساڵی جارێك یان دووجار ،
لەبارودۆخێکی تایبەتیدا شیعرم داناوە یان بابڵێین : ڕازی دڵی
خۆم تێدا دەربڕیوە .

شایانی باسە ئەگەر ئێستا سەیری کتێبخانەکەم بکەیت
زۆربەی ئەوکتێبە فەلسەفی یانەی تێدائەبینی کە لەسەرەتای
هەرزەکاریمدا خەریکی خوێندنەوەیان بووم و کە دووجارو
سێ جار لێم وون بوون و کڕیومنەوە ، لەکاتێکدا ئەگەر بگەڕێیت
بۆ یەکێك لەدیوانی ئەو شاعیرانەی لەسەرەتای لاویمدا
شیعرەکانیان ویردی سەرزمانم بوون و زۆربەیانم کڕیبوو ،
ئێستا لەکتێبخانەکەمدا نایانبینی ، چونکە هەرجارێك
لەناوچوو بن ، جارێکی تر هەوڵم نەداوە بیانکڕمەوە ! ، مەبەستم
لەم قسانە ئەوە نی یە خۆم هەڵکێشم یان وای پیشان بدەم کە گوایە
من هەر خەریکی خوێندنەوەی فەلسەفەم ، وەیان لەوانەم کە
خوانەخواستە ، لەدەریای فەلسەفەدا مەلەئەکەن ! بەڵکو مەبەستم
ئەوەیە : خوێندنەوەی ووتارێکم پێ خۆشترە لەخوێندنەوەی
گەلێك دیوان ، بەمەرجێك ووتارەکە شیکردنەوەیەکی فەلسەفی
یان ئەدەبی یان ڕامیاری یان دەروونی تەنانەت یان یاسایی وای
تێدابێت کەسوچێکی نادیارم ، بەشێوەیەکی زانستیانە

پیشان بدات • دیاره شیعری ئەو شاعیرانەی لێ دەرچێت کە لەئەدەبی جیهانیدا لوتکەیان گرتوە ، چونکە شیعری ئەوجۆرە شاعیرانە لەمیاسایە بەدەرن ، وە لەگەڵ شی کردنەوەیەکی سەرکەوتوانەدا لەتای تەرازویەکدان بەلای منەوە • لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوەش بڵێم : کە تەنانەت خوێندنەوەی شیعری ئەوجۆرە شاعیرانەش ، لەلای من کات و ساتی تایبەتی خۆی هەیە ، لەکاتێکدا خوێندنەوەی شی کردنەوەیەکی ئەدەبی یان فەلسەفی... ، لەهەموو کات و ساتێکدا بۆلای خۆی ڕاپێچم ئەکات ! •

بەهەرحاڵ ، پایەی شیعر لەلای من بە سێ قۆناخدا تێپەڕیوە : لەسەرەتای هەرزەکاری و سەردەمێکی لاویشمدا ، پایەی هەرشیعرێك لەلای من لەهەموشتێك بەرزتربووەو ئەگەر بڵێم دڵی من ئەوسا هەر جێی شیعری تێدائەبووەوە لەڕاستیم لانەداوە، کەئەمە قۆناخی یەکەمە • بەڵام کە بەهۆی خوێندنەوەی ئەوجۆرە کتێبانەوە تامی شی کردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستیانەم چەشت ، وردەوردە ئەم پارەی دوایی جێی خۆی کردەوە لەدڵ و دەروونندا، تا وای لێهات بوو بەهاوشانی شیعر، هەروەك چۆن ڕۆمانسێتی و ڕیالیزمی سەردەمێك هاوشانی یەك بوون لەسەردەمێکی ژیانی مندا ، کەئەمەش قۆناخی دووەمە •

لەپاشتردا و لەگەرمەی موتالاکردنی ئەوجۆرە کتێبانەدا ، کاتێکم زانی شیعرم فەرامۆش کردوە ، بێ ئەوەی پێ بزانم ، کەئەمەش قۆناخی سێیەمەو تائیمڕۆ درێژەی کێشاوە •

لەم قۆناخەدا وەکو باسمکرد•••شیعری لوتکەکانو چەند کاتێکی تایبەتی لێدەرچێ ، شیکردنەوەیەکی سەرکەوتوانە ، یان لێکۆڵینەوەیەکی باش بەلای منەوە هەزار شیعر ئەهێنێ •

لەگەڵ ئەوەشدا ، جاروبار ، لەهەندێ بارو دۆخی تایبەتیدا پرشنگی شیعر منی بۆلای خۆی ڕاکێشاوەو لەمەودواش ڕەنگە هەر ڕامبکێشێت ، کە ئەمە هیچ لەویاسایەی پێشو ناگۆڕێت • ئەمەی کەباسمکرد ئەوە ئەسەلمێنێ : کە گەلێ جار وارێك ئەکەوێ چیرۆکنوسێك یان شاعیرێك لەسەرەتای ژیانیدا شیعر بڵێتو پاشتر ڕووبکاتە بابەتێکی تر ، وەیان چیرۆکنوسبێتو جاروباریش شیعربڵێتو ، ئەگەر سەیری ژیانی شاعیرو نوسەرانی جیهان بکەین ، ئەم دیاردەیە زۆر بەزەقی ئەبینین لەژیانی ڕۆژانەیاندا ، کەپێویستی بەدرێژکردنەوە نی‌یە ، تەنانەت ئەم بابەتگۆڕینە ئەوەندە شتێکی ئاسایی‌یە هیوا هەیە بەدووسێدێڕێك لێی‌ئەدوێت بێ‌ئەوەی هیچکەسێك سەرزەنشتی بکات کەنزیکترینیان وەلامی (میخائیل نوعەیمە(١٠)) یە کە لەچاوپێکەوتنێکدا لێیان‌پرسیبو : «بۆچی لەسەر شیعروتن نەڕۆیشتی ؟» لەوەلامەدا وتبوی : «••• چونکە خۆبەستنەوە لەشیعردا ، ماندوم‌ئەکات بەتایبەتی خۆبەستنەوە بەکێشو قافی‌یەوە ، دوای ئەوەش کەدیم شیعر جێگەی بیروڕاکانی منی تێدانابێتەوە ، بەتایبەتی بیرە فەلسەفەی‌یەکانم وازم‌لێ‌هێناو ڕوومکردە پەخشان •••(١١)» •• جا منیش ئەگەر بمەوێ وەك

«میخائیل نوعەیمە» بەدووسێ‌دێڕ وەڵام‌بدەمەوە ئەتوانم لەسەر شێوەی ئەو بڵێم : «کەوازم لەشیعر هێناوە ، نەك هەر تەنیا لەبەرئەوەیە : کە نەتەوەی کورد پێویستی بەشی‌کردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانستیانە زیاترە(٢) ، بەڵکو لەبەرئەوەی خۆشم شی‌کردنەوەیەکی لەوبابەتەم لەهەموشتێکی دنیا پێ‌خۆشترە ، وەیان لەلای من هەمان تامی شیعری جاران ئەداتو لەگەڵ شیعرە نەمرەکانی دنیادا هاوتایە» ٠

بەڵام داخەکەم ، ئەم ڕاستی‌یەی من وا بەسادەیی دەرم‌بڕی ، (کاکەی فەللاح) تێی‌نەگەییشتوە ، یان ڕاستتر ئەوەیە : نەیویستوە تێی‌بگات ! بەڵکو هەوڵی‌داوە بە(بیردۆزە)یەکی داتاشراوی نارەوا لێکی‌بداتەوە کە هەروا بەسەرپێوە پەنجە بۆهەردوولایەنەکەی ڕائەکێشم کە لەمەوپێش وێنەی هەردووکیانمان پیشاندا ٠ لایەنی یەکەمیان ئەو بەشەیەتی کە (بێ‌دەنگی لەمەوپێشی) منی پێ‌لێك‌ئەداتەوەو لایەنی دووەمیش ئەوەیە کە لەبەر ئەو ڕوناکی‌یەدا (بێ‌دەنگی لەمەودوا)شم بەشتێکی مسۆگەر لەقەڵەم‌ئەدات ! ! ! لەبەشی یەکەمدا (کاکەی فەللاح) : (بێ‌باوەڕی)و (پشت‌کردنە میللەت)و (قێزهاتنەوە لەجوانی‌و دڵداری)و ٠٠ گەلێ شتی لەم‌بابەتانە ئەکات بەهۆی «بێ‌دەنگی لەمەوپێشم» ! ، کە هەریەکێك لەمانە پێویستی بەشی‌کردنەوەیەکی تایبەتی هەیە ، کە هەڵی‌ئەگرم بۆ نامیلکەیەکی تایبەتی ، بۆ «بێ‌دەنگی لەمەودواشم» .

(کاکەی فەللاح) وەك ووتم زۆر بەدڵنیایی‌یەوە دەری‌ئەخات کە : جاریکی‌تر من ناتوانم شیعریکی (هاوسۆز)و (هاوبیر)و (بەهرەدار)ی وەك ئەوانەی پێشووم بڵێم ... !! ، وەنگە ئەو دلنیایی‌یەی لەوەوە هاتبێ کەخەلکی لەوسالەدا (١٩٧٧) منیان بەمردو لەقەلەم دابوو ! !
بەهەرحال ، من (کاکەی فەللاح) دڵنیائەکەم کە ئێستاش بوکی شیعر جاروبار ئەمجولێنێ‌و ، بەتاقیکردنەوەی تایبەتی خۆم بۆم‌دەرکەوتووە : هەرجاریك ئارەزویەکی دەروونی یان هێزیکی ماندەر ، پالی‌پێوەنابم ، تووانیومە شیعری وابلێم ، کەجێی پەسەندکردنی خاوەن‌دلان بێ‌و ئەگەر (کاکەی فەللاح) وابزانێت (بێ‌دەنگی من) ئەگەڕێتەوە بۆ (بێ‌دەسەلاتیم) لە شیعرووتندا ، زۆر بەهەلەداچووەو تەواوکردنی ئەوسێ‌شیعرەی سەردەمی لاویم لەم چاپە تازەیەداو پاش (٣٣ ــ ٣٧) سال بەلگەیەکی بچوکە بۆ سەلماندنی قسەی من‌و پوچبوونەوەی پێش‌بینی‌یەکەی (کاکەی فەللاح) .

★ ★ ★

پێش ئەوەی دوایی بەم پێشەکی‌یە بهێنم ، پێویستە سێ‌خالی گرنگم لەبیرنەچێت ، یەکەمیان ئەوەیە : لەچاپی یەکەمدا شیعرەکان بەپێی کاتی دانانیان نەنووسراون ، کەئەمەش ماوەی بەهەندێکەس داوە بەئارەزوی خۆیان سالو کات بۆ شیعرەکان دابنێن ، یان هیچ‌نەبێ هەلەی تێدابکەن ، لەبەرئەوە بڕیارمدا

لەمچـاپەدا بەپێی کۆنیو تازەیی‌یان ، بیان‌نووسمەوە ، تـاکو بەوجۆرەش لەچاپبدرێنو بـۆ ئەمەبەستە ڕەنجێکی زۆرم داوە سـۆراخێکی زۆرم کردوە تاکو سـاڵی دانانیان سـاغ‌بکەمەوەو لەمرووەوە گـەلێ برادەر یارمەتی‌یان داوم ، کـە هەرئەوەندەم لەدەستدێت پڕبەدڵ سوپاسیان‌بکەم(۲۳) ٠

خاڵی دووەمیش ئەوەیە : ئەو چوارینانەی بەتـایبەتی بـۆ (سـەرکێلی) چەند جوانەمەرگێك نووسراون ، هـەڵبژاردەیەکم لەمچاپەدا جیاکردوەتەوەو خستوومنەتە دوای هـەمووشیعرەکانی ترەوە ٠

ئەمێنێتە سەر خاڵی سێیەم : لـەچاپی‌یەکەمدا ، نـەستونی ڕاستکردنەوەی ووشەی چەوت هەیەو نەپێڕست بۆشیعرەکـان دانراوە ، جـگە لـەوەی کـە چەنـدجارێك نیوەبەیتێك لەکـاتی چاپکردندا لەبـیرچوە ، بـا ئەوەش بڵێم : کـە خۆشـم ، لەکاتی نووسینەوەی شیعرەکاندا ، دەستکاری هەنـدێ ووشە یان ڕستەم کردوە ، کـە لەپەنجەی‌دەست تێپەڕنابـن ، لەبـەرئەوە نـاچارم لـەمچـاپەدا دەستکاری‌یەکیان‌بکـەم ، هـەروەها ئـەو دێـڕانە بنووسمەوە کـە چاپی‌یەکەم نەیگرتوون ، بەڵام دڵنیابن لـەوەی هەرگیز مافی ئـەوە بەخۆم‌نادەم دەستکاری گەوهەرو ناوەرۆکی شیعرەکان بکەم ، ئەگەرچی ئێستا هەندێکیشیانم بەدڵ‌نی‌یە ! ! ! بەم‌بۆنەیەوە ، ئـەبێ بڵێم کـە نەمتوانی پێشەکی چاپی‌یەکەم ، لێرەدا دووبارەبکەمەوە کـە لـەکاتی خـۆیدا هـاوڕێی بـەڕێز

(د٠مارف خەزنەدار) نووسیبووی ٠ چونکە وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوەی هەندێك بیروڕای چەوت لەم پێشەکی‌یەدا شوێنی بۆ دووبارەکردنەوەی پێشەکی‌یەکەی (د٠مارف) نەهێشتەوە ، بۆیە داوای لێبوردن ئەکەم(١) ٠

لەکۆتاییدا چاپی دووەمی (ڕازی تەنیایی) پێشکەش خوێندەوارانی خۆشەویست ئەکەم ، هیوام وایە ئەمیشیان وەك چاپی یەکەم بەدڵ بێت ٠

ئەحمەد هەردی

١٩٨٤/٤/١٢

پەراوێزەکان

«پــەراوێــزەکــان»

١ـ کاروانی شیعری نوێی کوردی ـ بەرگی یەکەم ـ حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەللاح) ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ـ ١٩٧٨ ٠

٢ـ سەرچاوەی پێشوو ل : (١٣٥ ـ ١٦٤) ٠

٣ـ هـاوڕێیانی بـەڕێز کاک (مستەفا ســالح کـەریم)و کاک (عـەلی شـەونم) بۆیان گێـڕامەوە ووتیـان : ئێمـەیان کـردبوو بـەلیژنەی هەڵسـەنگاندنی ووتارەکەی (کاکـەی فەللاح) ، لەکاتێکـدا کـە پێویسـتبوو چـەندڕۆژێك لەوەوپێش ووتارەکە بخوێنینەوە ، تابتوانین هەڵی‌سەنگێنین ، بـەلام ئێمەش وەك گوێ‌گرەکانی‌تر تەنیا لـەکاتی خوێندنەوەی ووتارەکەدا گوێمان‌لێ‌بوو کەدیارە بەو ماوە کورتە هیچ‌کەسێك ناتوانێ لەکونو قـوژبنی ووتارێکی وا دووروودرێژ تێ‌بگات ٠

٤ـ کاروانی شیعر ـ پێشەکی (کاکەی فەللاح) ل ـ ١٠

٥ـ سەیرئەوەیە (کاکەی فەللاح) ووشەی (گـریان)ی پێش (هـاوار) خستووە ، ئـەم گۆڕینە هەرچەندە کێشـو مانای بەیتەکە ناگۆڕێ ، بـەلام سـروشتو ئاهەنگی بیتەکان ، پێشخستنی ووشەی (هاوار) ئەسەپێنێ کەداخەکەم لێرەدا ماوەی باسکردنی نی‌یە ٠

٦ـ کاروانی شیعر ل ـ ١٦٤ ٠

٧ـ مامۆستا (عـومەر عـارف شێخ مەحمود) مامۆستای بـیرکاری بوو لەقوتابخانە ئـامادەیی‌یەکانداو یەکێکـە لەنووسـەرو ڕوناکبـیرانی کـورد ، لەگـۆڤاری (شەفەق)دا بەناوی (هەسان)ەوە ئەینووسی ٠

٨ـ کـاتێك شـیعرەکەم تـەواوکرد ، مـامۆسـتا (عـومەر عـارف) ، لـەڕۆژی (٢٠/٥/١٩٨٣)دا سەیرانێکی بـۆ منو کـۆمەلێ برادەر سازکردو قسەکەی بەجێ‌هێناو بێ‌ئێوەناخۆش ڕۆژێکی خۆشمان بردەسەر بەلام مامۆستا ئێستاش ئەڵێت : ئەگەر (لەبێ‌بەختی گیرفانی) من نەبوایە تۆ نەتئەتوانی شیعرێك کە لەسەرەتای لاویدا نووسیوتە لەتەمەنی (٦١) سالیدا تەواوی‌بکەیت ٠

٩ـ ڕەنگە ئەوانەی دلبەندی شیعری‌کۆن بن ئەم تەواوکردنە بەهونەرێك نەزانن،

چونکە لەشیعری کلاسیکیدا هەربەیتێك بۆخۆی ـ هەربەخۆیەو هەرج نییە پەیوەندی بەبەیتێکی ترەوە هەبێت ، بۆیە تەواوکردنی شیعرێکی وەها شتێکی ئەوەندە گران نییە. بەلام لەشیعری نوێدا، کە وێنەکێشانی تاقیکردنەوەیەك، مەبەستی سەرەکییە ، تەواوکردنی پاش (٣٠-٣٧) ساڵ شتێکی ئاسان نییە.

١٠ـ کاروانی شیعر ل ـ ١٦٣ ـ سەیرئەوەیە (د. عیززەدین) پێشبینییەکی تـر لەزمان (گۆران)ەوە دەربارەی من ئەگێڕێتەوە کە بەتەواوی پێچەوانەی ئەم پێشبینییەی (کاکەی فەللاح)ە ، ئەویش ئەوەیە کە (د. عیززەدین) ئەڵێت، لەگۆرانم بیستووە ووتویەتی : (هەردی کانیاوێکـە پەنگی خواردوەتەوە ، هەرکاتێك تەقییەوە کەس نازانێت چۆن ئەتەقێتەوە !!) ، بەم بۆنەیەوە ، ئەبێ دان بەوەدابنێم کە گێڕانەوەی پێشبینییەکی وەها لەپاش چەندساڵ لەلایەن (د. عیززەدین)ەوە ، پیشەی مرۆڵێکی ڕاستگۆیە ، چونکە لاموایە هەردکتۆر خۆی ئاگای لەمقسەیە بووبێ ، بۆیە مایەی سوپاسو ستاییشە .

١١ـ کاروانی شیعر ـ ل ١٤٨ .

١٢ـ بڕوانە : ماکسیم گۆرکی ـ في الادب والنقد الادبي ـ یوسف عبدالمسیح ثروة ـ توزیع دار بغداد ـ مطبعة الوفاء ـ بغداد بلاتاریخ ـ ص ـ ٢٨ .

١٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو ـ هەمان لاپەڕە .

١٤ـ تەوژم = تیار .

١٥ـ ڕازی تەنیایی ـ ل ٣ ـ چاپی یەکەم ـ ١٩٥٧ .

١٦ـ بـڕوانە : نووسەری کـورد ـ ژمارە ٧ ـ تەموزی ١٩٨١ ـ لاپـەڕە ٩٣ ـ ووتاری (ئەنوەر قادر محمد) .

١٧ـ ڕازی تەنیایی ـ پێشـەکی لـەلایەن (مـەعروف خەزنەدار)ەوە نووسـراوە لەسـەر ئـەرکو لـەژێر چـاودێری (جـەمال خـەزنەدار)دا لـەچاپدراوە ـ چاپخانەی شەفیق ـ بەغدا ـ نەورۆزی ١٩٥٧ .

١٨ـ کاك (مەحمود تۆفیق خەزنەدار) کـوڕی تـۆفیق ئـەفەندی عـەزیز ئـاغای خەزنەدارەو لەکۆنەوە هاوڕێمە .

١٩ـ ئـەم زانیارییانە ، مامۆستا (عومەر مەعروف بەرزنجەیی) بۆی هێناوم کـە

یەکێکە لەنووسەرە لاوەکان• ئـەوی ڕاستی‌بێ من ئـەم زانیاری‌یانەم بـەو ووردی‌یە لەبیرنەمابوو بۆیە بەپێویستی ئەزانم سوپاسی‌بکەم •

٢٠ـ من هەرچەندە هـۆی دانانی شیعرەکەو تەنانەت ئاهەنگەکەشم بیرنەمابوو ، بەلام سال‌و بۆنەی ئاهەنگەکە ، هاوڕێی بەڕێز کـاك (مستەفا سالح کەریم) بیری‌خستمەوە ، زۆر سوپاسی‌ئەکەم •

٢١ـ وەك لەپێشەوە ووتمان (کاکەی فـەللاح) لەپاشـدا ئـەو ووتارەی لـەگەل چـەند ووتـارێکی‌تردا بـلاوکردەوە بـەناوی (کـاروانی شـیعری نـوێی کـوردی)یەوە •

٢٢ـ بڕوانە کاروانی شیعر ل ١٥٦ ـ ١٥٧ •

٢٣ـ بڕوانە کاروانی شیعر ل ١٥٦ ـ ١٥٧ •

٢٤ـ بڕوانە کاروانی شیعر ل ١٥٦ ـ ١٥٧ •

٢٥ـ کاروانی شیعر ل ١٤٥ ـ ١٤٦ •

٢٦ـ گومانی تێدانی‌یە کە لەڕووی کێشەوە (وەمزانی) ڕاستترە ، هەروەها وەنەبێ لەڕووی زمانیشەوە ڕاستنەبێ ، هەرچەندە لـەچاپی یەکەمیشدا (وامزانی) نووسراوە ، (کاکەی فەللاح)یش هەر وای‌وەرگرتوە ، بەلام سەیرئەوەیە ، وەك ئەمەی ڕاستنەکردوەتەوە دواووشەشی گۆڕیوە ، واتە(نرخی کوڕانە)ی کردووە بـە (نـرخی گـرانە) ، لەوەش سەیرتر ئەوەیە لەپەراوێزەکەیدا ، (کاکەی فەللاح) ئەلێ : «لەچاپدا بەهەلە ـ کوڕانە ـ نووسـراوە ، ئەگینا (گرانە)یە !!! » ، بڕوانە کاروانی شیعر ل ١٤٦ پەراوێزی(٨) •

٢٧ـ کاروانی شیعر ل ١٤٦ •

٢٨ـ سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەڕە •

٢٩ـ ئەوەی پێویستە بیلێم کـەمن ئێستام‌بوایە لەسـەر ئـەووەزنە ئـەم‌شیعرەم نەدەووت ، چونکە ئـەم‌کێشە کێشێکی عـەرووزی کـۆنەو زۆرتر بۆغەزەل‌و ستایش دەستئـەدات ، بـەلام بۆ چیرۆکی شیعری (چـیرۆکەشیعر) کێشێکی زۆر تەنگەبەرەو ئەوانەی لـەم کێشە شارەزابن ، ئـەم ڕاستی‌یە ئەزانن ، لەگەل‌ئەوەشدا ، توانیم تەواوی‌بکەم •

٣٠ـ ئەوی ئەیەویت زیاتر لەم باسە بگات ، تکایە بروانیتە ئـەم سەرچاوانە :
١/ (فـن الشعر ـ ارسطوطاليس ـ ترجمة عن اليونانية وشـرحه الـدكتور عبدالرحمن بـدوي ـ دارالثقافة ـ بيروت ١٩٧٣ ص٢٦ ومابعدها) ٠
٢/ (في الادب والنقد ـ مكسيم گوركي ـ ترجمة يوسف عبدالمسيح ثـروة ـ فصل كيف تعلمت ان اكتب ـ ص٢٣ ومابعدها) ٠
٣/ (النقد الادبي الحديث ـ د٠ محمد غنيمي هلال ـ الطبعة الخامسة ١٩٧١ ص٥١ ومابعدها وص٢٢٩ ـ ملاحظة المؤلف في الحاشية) ٠
٣١ـ بروانە (ڕازی تەنیایی) ـ چاپی یەکەم ـ ١٩٥٧ ـ ل٢١ ٠
٣٢ـ گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە ـ ٤٩ ـ سالی ١٩٧٨ ـ ل٤٠ ٠
٣٣ـ هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە ٠
٣٤ـ کاروانی شیعر ل١٦٤ ٠
٣٥ـ پێویستە لێرەدا بلێم کە ئەوشـریتە هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا (عبداللە عزیز) بۆیهێنام زۆر سوپاسیئەکەم ٠
٣٦ـ کاروانی شیعر ل١٦٢ ٠
٣٧ـ ئێش‌و ئازارەکانی فـۆرتێر ، چـیرۆکی شاعیری گەورەی ئەلمانی گـۆتەیە (١٧٤٩ ـ ١٨٣٢) کـە لەسەرەتای لاویـدا دایناوەو باسی یەکەم دلـداری خـۆی ئەکات ، بروانە (آلام فـرتر ـ ترجمة احمد حسن الزيات ـ الطبعة التاسـعة ـ مطبعة لجنة التاليف والترجمـة والنشـر ـ القاهرة ـ ١٩٦١ ـ ص٥ ـ ٦ مقدمة الدكتور طه حسين ـ ص٧ ـ ١٥) ٠
٣٨ـ ئەوی لەوسەردەمەدا ، بەشێوەیەکی ئاسان‌و ساکارو بۆخوێندەوارێکی سادەی وەکومن نووسرابێت لەوبابەتەوە ، کتێبەکانی (د٠ ئەحمـەد ئەمین)بـوو ،ـ وەك : (مبـادیء الفلسـفة)و (قصة الفلسـفة اليونانية)و (قصة الفلسـفة الحديثة) ، کـە ئەمی دواییان دوو جـزم بوو ، یـەکەمیانی لەئینگلیزیەوە کـردبوو بەعەرەبی‌و سیانەکەی دواییشی لـەگەل (د٠ زكي نجيب محمود)دا ڕێکخستبوو ناوی (تصنيف)ی لێنابوو ، وە چەندکتێبێکی تری لەوبابەتەش٠
٣٩ـ من هەر لەکۆنەوە ـ واتە لەسالی (١٩٥٠)وە شیکردنەوەم لەجیاتی (تحليل)

بەكارهێناوەو ئێستاش هەر (شیكردنەوە) بەڕاستتر ئەزانم ٠

٤٠ـ بـڕوانە ووتاری (لقاء مع میخائیل نعیمـة ـ جهاد فاضل ـ مجلة ـ آفـاق العربیة ـ السنة السادسة ـ العدد٢ تشرین الاول ١٩٨٠ ـ ص١٢٤) ٠

٤١ـ ئـەوی ڕاستیبێت لەدەقی پرسیارەكەی (جهـاد)و لـەوەڵامەكەی (میخائیـل نعیمة)دا باسی وێنەكێشانیش كراوە كە سەردەمێك (نعیمة) خەریكیبووە ، بەڵام من هەر ئەوبەشەم وەرگرت كە پەیوەندی بەشیعرەوە هەیە، كێ ویستی دەقی تەواوی پرسیارو وەڵامەكە بخوێنێتەوە ، بڕوانێتە هەمان سـەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەڕە ٠

٤٢ـ (كاكەی فەللاح)یش دانیناوە بەم ڕاستیەداو دەریئەخات كە : ئەتەوەی كورد «زۆرتر پێویستی بەلقەگرنگەكانی تری ئەدەب هەیـە ، بـەتایبەتی بـەشی ڕەخنەولێكۆڵینەوەی زانستیانە» ـ (كاروانی شیعر ـ ل٦١) ـ هەرچەندە من مەبەستم لەقسەی پێشوو، تەنیا ڕەخنەی ئەدەبی نیەە، بەڵام (شیكردنەوە)و (لێكۆڵینەوە) لەهەموبارێكدا هاوپشتی یەكترنو ئەبێ یەكتری تەواوبكەن٠

٤٣ـ جگە لەو بەڕێزانەی لەشوێنیخۆیدا باسمكردون ، بەپێویستیئەزانم سوپاسی مامۆستایان : كـاك (عومەر عارف)و كـاك (فەرەیدون عەلی ئەمین)و كـاك (ئەكرەم عیززەت)و كاك (شەوكەت غەفور بابان) بكـەم ، بـەتایبەتی كاك (عـومەر) كـە هەمیشە ڕاوێـژم پێكردوە ، چـونكە ئاگای لـەبارو دۆخی زۆربەی شیعرەكانمە ٠

٤٤ـ بەم بۆنەیەوە ئەبێ دانبەوەدابنێم : كەچاپی یەكەم شیعرەكانمی لە ونبونو لەبـیرچونەوە پاراسـتوە ، بـۆیە بەپێویستی ئـەزانم سەرلەنوێ سـوپاسی هـاوڕێیانی بـەڕێز : (د٠ مارف خەزنەدار)و مامۆسـتا (مەحمود تۆفیق)و كاك (جەمال خەزنەدار) دووبارەبكەمەوە كـە هەریەكەیان دەستێكی هەبووە لەبەرهەمهێنانی چاپی یەكەمدا ٠

شیعرەکانی پائیزی تەنیایی

چاپی یەکەم / ١٩٥٧

چاپی دووەم / ١٩٨٤

بێ ئارامی[1]

ئاخ و داخ و دەرد ، لەدەست تەنیایی ،
پەشێوی بێحەد ، دەردی بێدوایی ،
ئەم سەرسامی یە ،
بێ ئارامی یە ،
دڵ ناکامی یە :
کەی دێ کۆتایی ؟

★ ★ ★

بۆ هەرکوێ ئەچم پێی خراپترم...
ناسرەوێ دڵەی پڕ لەئاگرم...!
نە لەناو گوڵزار ،
نە لای خزم و یار ،
نە لەدەشت و شار ،
تۆقرە ناگرم...!

★ ★ ★

لەدەست شار هەڵدێم ، ئەچمە ناو گوڵزار ،
لەوێشی هەڵناکەم ، دێمەوە ناوشار !
وەك ئارام نەماو ،
دڵ و پێ سوتاو ،
خانەی خەو ڕوخاو ،
لەدنیا بێزار...!

کە بەتێکەڵبوون ، وەها بێزارم ،
بۆچ بەتەنیایی : پەشێوە کارم ؟!
بۆ وەك ڕەنجەڕۆم ؟
وەڕس بووم لەخۆم ؟
بۆهەر کوێ ئەڕۆم ،
دڵ بێ قەرارم ؟!

سلێمانی/١٩٣٨

---

(١) ئەم شیعرە لەچاپی یەکەمدا نی یە ، یەکێکە لەو شیعرانەی لەسەرەتای هەرزەکاریمدا دامناوە ، ڕەنگە هاوڕێیەکی وەك مامۆستا (عومەر عارف) نەبێ ، کەسێکی‌تر لێی‌نەبیستبم ، شیعرەکە خۆی شتێکی ئەوتۆ نی یە ، بەلام لەچاو کاتی خۆیدا (کەنزیکەی نیوسەدەیەك لەمەوبەرە)شتێکی تازەیە : چ لەڕوی بابەتو چ لەڕوی ڕیزکردنو هەڵبژاردنی ووشەی نوێوە ، بۆیە بەپێویستم‌زانی بلاوی‌بکەمەوە .

(فەلسەفەی دڵداری[1])

شیعری «شیلی»یە ، لەعەرەبی‌یەوە کراوە بەکوردی ٠

کە[2] جۆگا تێکەڵی چەم‌بێ‌و چەمیش تێکەڵ بەدەریابێ
شەماڵیش پڕ لەهەستی‌بێ ، نی‌یە شت تاك‌و تەنیابێ

بەقانونی خودا[3] ئەشیا ، ئەبێ : تێکەڵ بەیەکتری‌بن
ئیتر ، بۆچی من‌و‌تۆ تێکەڵی یەکتریین نابێ ٠٠؟!!

---

(١) لەبیرم‌دێت کاتی‌خۆی ، ئەم‌شیعرەم لەگۆڤاری (المجلة)ی (عبدالحق فاضل)ەوە وەرگرتووە کەئێستاش دەقە عەرەبی‌یەکەیم لەبیرە ، ئەوەشم لەبیرە کە لەگۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام نووسەری بەڕێز مامۆستا (عومەر)ی بەرزنجەیی بیری‌خستمەوە، کە لە(١٤)ی ئەیلولی(١٩٣٩)دا ئەم‌شیعرە لە حەوتەنامەی (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە ، واتە چەندمانگێك پێش‌ئەوەی گۆڤاری (گەلاوێژ) لەشوباتی (١٩٤٠)دا ئەم‌شیعرە بەپەخشان بکات بەکوردی‌و لەژمارە (٣)ی ساڵی(١)دا بڵاوی‌بکاتەوە ٠ کەچی لەساڵی(١٩٤٢)دا کە ئەم‌شیعرەی من لە(گەلاوێژ)دا نووسرا ، تێبینی‌یەکی وای لێ‌نووسرابوو کە وابگەێنێت ، گوایە : شیعرەکەی من لەپەخشانەکەی (گەلاوێژ)ەوە وەرگیراوە !! لەکاتێکدا کە شیعرەکە چەندمانگێك پێش پەخشانەکەی (گەلاوێژ) ، لە (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە وەك مامۆستا (عومەر) بیری‌خستمەوە ٠ بەم‌بۆنەیەوە زۆر سوپاسی مامۆستای ناوبراو ئەکەم ، هیوادارم وێنەیان زۆربێت ، هەروەك سوپاسی مامۆستا (مستەفا ساڵح کەریم) ئەکەم کە ناوی (عبدالحق فاضل)ی بیرخستمەوە ٠

(٢) لە(گەلاوێژ)دا (کەجۆگە) نووسراوە ٠

(٣) لەڕووی کێشەوە ئەبێ بڵێیت : (خووا) ـ بەدوو (واو) ـ لەبەرئەوە (خودا)م بەڕاستترزانی ٠

که کێوو کەژ بکەن ماچی هەموو ئاسمانی بەرزوشین ،
شەپۆلیش هەروەکو دڵدار ، لەملیەك دەستی ئالابێ ٠٠

ئەبەد نابێ: کە خوشکی‌گوڵ، برای دەرکاتەو لێی‌دووربێ،
کە تیشکی‌ڕۆژ ، زەمینی هەروەکو دولبەر ، لەکۆشابێ

ئەوا مانگیش ئەکا ماچی بەحر، گەرتۆش نەکەی ماچم[٤]٠٠،
هەموی بێ‌کەڵکە ئەم ماچانە ، بێ‌تۆ فائیدەی نابێ[٥]٠٠

بەغدا/١٩٣٩

(٤) لە(گەلاوێژ)دا «گەرتۆش نەکەی ماچێ» نووسراوەو بەپێی ئەوەی کە مامۆستا (عومەری بەرزنجەیی) بۆی نووسیوم وادیارە لە(ژین)یشدا هەر (ماچێ) نووسرابێ ، ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە نووسیم ٠

(٥) ئەم شیعرە لەچاپی یەکەمدا نی‌یە ٠

(ئەی دیدە پەری[1])

ئەی دیدەپەری ! بەو دەمە ، بەو کوڵمەگوڵینە
بۆکەس نی‌یە تاسەر ، ئەوەڕێ : ئەم گوڵی‌ژینە
تاسەر نی‌یە ئەم‌نازە ، وەها دووری مەیینە
ئەوچاوە گەلاوێژە خەڵاتی کە بڕینە !
ئەو زوڵفە کە ئێستاکە دووتوێی عەنبەری چینە،
ڕۆژێکی‌کە دێ ، تێکەڵی توێی خاکی زەمینە !

★ ★ ★

ئەوگەردنە بێگەردە کەوەك تەختی بلوورە ،
ئەو لێوە کەوەك خونچە تەڕو ناسك‌و سوورە
ئێستاکە بەبێ‌ڕەحمی سزای جەورو فتورە
لای‌وایە ، کە ژین فانی نی‌یەو ڕێکەیی دوورە !
نایزانێ کە هەر پەنجەیێ لەم‌خاکی زەمینە
کوڵمی دەهەزار(لەیل)و دەمی سەد(مەم‌وزین)ە !

(١) ئەم شیعرە کاتی خۆی ، لەڕۆژنامە ، یان بابڵێین : حەوتەنامەی (ژین)داو بەناوی : (دوایيت لەبیربێ) بلاوکراوەتەوەو لەهەندێ شوێندا ، دەستکاری شعرەکە کراوە (بڕوانە ژینی ژمارە ـ ٥٧٧ ـ ٢٤ی ئەغستۆس ـ ١٩٣٩ ـ ل ٤) کە لەدەرفەتێکی تردا باسی‌ئەکەم . لەساڵی ١٩٥٧دا من کە شیعرەکەی خۆمم لەبەربوو ئەوەبوو لە(ڕازی تەنیایی)دا بڵاوم‌کردەوە بێ‌ئەوەی گوێ‌بدەمە دەستکاری‌کردنەکەی (ژین) .

شایانی باسە من ئێستاش دەقی شیعرەکەی خۆمو هەندێك شوێنی ئەو دەستکاری‌یەی ژینم بەتێکڕایی لەبیرماوە ، بەڵام بۆئەوەی بەوردی شوێن‌و ئەندازەی دەستکاری‌یەکان بزانم ، حەزم‌کرد دەقی بلاوکردنەوەکەی (ژین)م لەبەردەستدابێ ، لەم ڕووەوە زۆر سوپاسی هاوڕێی بەڕێز کاك (عەبدوڵلا عەزیز) ئەکەم ، کە نەك هەر ژمارەو ساڵی ڕۆژنامەی (ژین)ی بۆدۆزیەوە ، بەڵکو دەقی بلاوکردنەوەکەی ژینیشی بۆهێنام .

ئـەمڕۆ دڵی بێچارە ئـەبەی ئـەیخەیە نـاوداو
نـایزانی سبەینێ ئـەکەوی سـەرکزو دامـاو !
ئەوجوانی‌یە ئەڕواتو لەچـاو گوم‌ئەبێ وەك‌ئاو
ئەوڕۆژە ئـەبێ دائیمە هـەر بێنیە بەرچاو...
تـا ڕەحمێ‌بکـەی ئێستەکە بـەم زام‌و بـرینە ،
سـەرکزنەبی لـەو : جێگـە بێ‌سامانی زەمینـە

★ ★ ★

ئەم چەند قسەیەم،ووتوە بەتۆ،ئێستە[1] بەچاکی
گـەرچی ئەشیزانم[2] : دڵی بەردت نی‌یەباکی !
مەڕوانەرە ئەمڕۆ ، کـە بەڕو مەت گـوڵی تاکی
بـڕوانە سبەینێ : کـە لـەناو دامەنی خاکی !
سەد لـەیلی وەکـو تـۆ بووە لـەم ڕۆشنی ژینـە
ئێستاکە لـەناو ، جـەرگەیی تـاریکی زەمینە !

سلێمانی/١٩٣٩

---

(٢) لەچاپی یەکەمدا لەباتی (ئێستا) ، (ئەمڕۆ) نووسراوە (ل٢٤) .
(٣) لەچاپی یەکەمدا (گەرچی ئەشزانی) نووسراوە ، هەمان لاپەڕە .

(تانگۆی کوردی[1])

تاقانەخـونچەی بـاخی ژیـانم ..
زیندوکەرەوەی ئـاواتی بێگیانم !
ڕۆشنکەری : ڕێگای ژینو مانم ..
بـاڵەدەستی ، ژینیپەستی ، شارودێ
ڕاکەینو ڕووبکەینە : چۆڵهەردێ، ناوهەردێ .
تـەنیا ، وەك ئـاسکۆڵەی کۆسار ،
ڕووبکەینە قەدشاخو ناوگوڵزار[2] .

★ ★ ★

لەقەدپاڵی شاخی هەزاربەهەزار ..
لەسای سێبەری درەختی ناوگوڵزار .

---

(١) ئەم شیعرەم لەسەر ئاوازێکی ڕۆژئاوایی داناوە ، لەچاوپێکەوتنێکی ئەدەبیدا (ساڵی/١٩٨١) ووتبووم ڕەنگەئـەم شیعرەم ساڵی/١٩٣٨ ووتبێت ، بـەڵام لەدوایدا چەند بەڵگەو سۆراخێك بیریان‌خستمەوە : کە لەساڵی/١٩٤١دابووە، پێش ئەوەی ببم بـەمامۆستای قوتابخانە بەیەکەدووماڵێك ، بـەهەرحاڵ ، مـن ئێستا لـەدووشـت دڵنیـام : یـەکەمیان ئـەوەیە دانـانی شـیعرەکە ساڵی/١٩٤١بووە ، دووەمیان ئـەوەیە ، دڵنیـام لەوەی کاتێك ئـەم شیعرەم ووتووە ، هیچ جۆرە ئاشنایەتیم لەگەڵ هیچ حیزبو سیاسەتێکدا نـەبووە ، بەڵام هاوڕێی بەڕێزم : (د. عیززەدین مستەفا) وائـەزانێت ئـەم‌شیعرە دوای ساڵی/١٩٤٩ دانراوە ، لەبەرئەوە ئەیکات بەبەڵگەیەك بۆ بیروباوەڕی ساڵانی دوای١٩٤٩ی من ، بڕوانە دکتۆرانامەکەی مامۆستای ناوبراو : (الواقعیة في الادب الکردی ـ دار المکتبة العصریة ـ بلا تـاریخ ، بیروت ـ ص١٠٩) ، لەکاتێکدا کەوەکو لەپێشەوە نووسیم ، ساڵی/١٩٤١ ووتراوە .

(٢) ئەم دێڕە لەچاپی یەکەمدا ، لەبیرچووبوو .

کونجێبکەین : بەهێلانەو هەوار ..
دەستلەگەردن، تاکومردن، شۆخوشاد ،شۆخوشاد
خەمیدنیا : بەماچ بدەینبەباد ، هەربەباد ...
گـۆنـات ، هـەڵمـژم پـڕبـەدەم
سورهەڵگەڕێ هێندە ماچیکەم ..!

سلێمانی/ ١٩٤١

شۆڕشی نائومێدی

«لەکاتێکدا کە ئادەمزاد ، بەرێکەوت بۆیدەرئەکەوێت : کە ئەو تریقەی پێکەنینانەی ، بەماکی خۆشەویستی ئەزانی ، هەوێنی تەفرەدانو دەست برینە ، لەکاتی وادا ، ئادەمزاد ، ڕقی لەدڵداریو خۆشەویستی بەجۆرێك هەڵئەستێ کە حەزناکات تەنانەت چارەی ئەو یادگارانەش ببینێت کە لەو دڵدارییە بەجێماون٠٠ لەکاتێکی وادا ئەم هەڵبەستەی خوارەوە دانراوە :

★ ★ ★

بناغەو چینی دیواری ،!
تەلاری بەرزی دڵداری

بەسەر لانەی دڵا ڕوخا ! تەپوتۆزی خەمی هێنا
بەدوی باڵداری ئاواتی ، فڕیوی بێسەروشوێنا !
دەسا ئەی پاییزیماتەم ! ئەوەندەم تاسە پێماوە :
هەموو ئەو یادگارەی لەو : ژیانی عەشقە جێماوە
بەجارێ وەك گەڵا سەروەیخەزانت گشتی ڕامالێ ،
بەوردی هەرگەڵایێکی ، ببا بۆ : قوژبنو چالێ٠٠!

★ ★ ★

دەبا (با) ڕەش لەدوایدا ،
لەبیابانی٠٠ لماویدا

تەپوتۆزێکی وا بێنێ ، هەوا یەکجاری بخرۆشێ
سەری ئەو قوژبنوچاڵە ، وەکو گۆڕیچە داپۆشێ !

لەپاشانا بەبایوەشتا ، لەسەردا هەوریڕەش بێنێ ٠٠!
بەگۆڕییادگارا ، با ، بەخوڕ تاوێ ٠٠٠ بیارێنێ ٠٠!
دەبـابمرێ بـەیەکجـاری لـەگۆڕی تەنگەوتـەنیـادا
نیشانەو ناوی هـەلگیرێ لەنـاو : بازاڕی دنیادا ٠٠ !

* * *

بـەڵێ با گەردەلولێ بێ ،
ئەوی بۆنێکی تۆی لێبێ٠٠

وەکو ئەوپوشە ڕاپێچیبکا بـۆ : گۆڕی تـەنیایی ٠٠٠
بـەگوێیا بـابچرپێنێ : نقـامی عومری کـۆتایی ٠٠!
پەپو[1] ، هاوڕازی[2]وێرانەو، نیشانەی مەرگیڕوناکی
بەدەنگی شومی بـا شیوەنبکا بـۆ گیانینـاپاکی ٠٠٠
لەسەر ئەو دەنگەوئاوازە ، دەبـا شەیتانیڕاڕایی ٠٠،
سەمای پڕتەوسی بێشەرمی بکا بۆ عەشقیکۆتایی ٠٠!

* * *

دەبـا دەستی سـتەمکاری :
ژیـانی پـڕ لـەزۆرداری

لـەیادا بیسڕێ شێوەت لـەیادی ژینو گەردونا ٠٠٠!
بەبێڕەحمانە غەرقیکا ، لەبەحری قوڵی ونبوونا ٠٠!
ونیکا بـا لـەبەرچاوم ، نیگـاری چـاوی فێـڵاویت

(١) پەپو : لێرەدا مەبەست (کوندەبەبو)ە کەلای ئێمە (کوندەپەپو)شی پێئەڵێن ٠
(٢) لەچاپی یەکەمدا (هامراز) نووسراوە (ڕازی تەنیایی ــ ل١٩) ٠

گـوڵی بێبۆنی جوانیتو بـزەی سەرلێوی زەهراویت
بـەتاپۆی[٣] یـادگاری تێکشـکاوی بێسـەروپێوە ..
بەدڵداری عومرکورتو شـەوانی جوانەمەرگێوە ..!

سلێمانی/١٩٤٤

(٣) تاپۆ لەشارەزوور بەتارماییەك ئەڵێن كە بەعاستەم دیاربێت ، لێرەدا لەجێی (شبح)ی عەرەبی بەكارهێنراوە .

(دڵێکــی تێکشـــکاو[1] ••!)

ئەم شیعرە ، هەرچەندە لـەچاپی یەکەمدا حــەوت بــەیتە ، لــەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشنبیران ، گــەلێك بــایەخیان پێداوەو لێی دواون ! هیوابــووە ئــەم شیعرەی ، بەیادکردنەوەی قۆناخێکی سیاسی زانیوە ! لــەبەرئەوە پێیوابووە ، دوای ســالی ۱۹٤۹ دانراوە ! وەك هاوڕێی بەڕێز (د• عیزەدین مستەفا[2]) ، هیواش بووە: گرەوی لەسەرئەوە کردوە ، کە گــوایە من ناتوانم ئــەم شیعرە تەواوبکەم ! وەك هاوڕێی بەڕێز مامۆستا (عومەر عارف) ، هیواش بووە ، وەك مامۆستا (کــاکەی فەللاح) کەلای وابووە ، نەك هەرتەنیا لەم شیعرەدا نەمتوانیوە (بگەمە کۆتایی یەکی سەرکەوتوانە) ، بەڵکو جارێکی تر ناتوانم شیعرێکی تــری لەوبابەتە بڵێم !!•• ، بــەهەرحاڵ ، لەوانەشــە ، ئــەوانەی ئــاشنای شیعری کــۆنن ، ئەم تەواوکردنە بەهونەرێك نەزانن ! چونکە لەشیعری کۆندا لابردن و زیادکردنی چەندبــەیتێك ، شتێکی ئەوەندەگران نی یە •

هەرچۆنێ بێت ، ئێستا ، کە شیعرەکەم تەواوکردووە پێشکەشی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەکەم ، هیوادارم ،تامی هەمان حەوت بەیتەکەی پێشوی لێ ببینن •

ئەحمەد هەردی

بەسەر سامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم !
شــریتی عــومری ڕابوردووم وەکوخەو دێتەبەرچاوم

---

(۱) ئــەم شیعرە لــەچاپی یەکەمدا نــاوی (نــائومێدی)یە ، چــونکە لــەوێدا ، بەسەرهاتی دڵ ، کەمەبەستی سەرەکی ی شیعرەکەیە ، تەواونەکراوە ، بڕوانە (ڕازی تەنیایی ــ چاپی یەکەم ــ ل۲۳) •

(۲) هاوڕێی بەڕێز (د• عیزەدین ڕەسول) ، وائەزانێت ئەم شیعرە دوای ســالی (۱۹٤۹) دانــراوە ، لەبــەرئەوە بەیادکردنەوەی قــۆنــاخێکی سیاسی ، یــان بەشیوەنێکی ئەوقۆناخەی ئەزانێت ! ، بڕوانە دکتۆرانامــەکەی : (الواقعية في الادب الكردي ، ص ــ ۱۰۹) ، لەکاتێکدا ئەم شیعرە لەسالی ۱۹٤٦دا ووتراوەو باسی بەسەرهاتی خۆشەویستی یەکەو هیچی تر •

شـەریتی چی ؟ سەراپا سەرگوروشتەی[٣] نـائومێدیمە
فلیمی پـڕ لە ناسـۆری هـەرەسـهێنـانی لاویمـە

تروسکەی تیابەدی‌ناکەم ، سـەرنجم چەندە لێ‌داوە :
لەتـاپۆی نامـرادیم‌و تەمی ناسـۆری بـەولاوە ۰۰ !

ئـەوی ئـەوسـاکە ڕوناکی‌ئەدا بـەم ژینە شێواوە[٤]
دڵێکی پڕلەئاهەنگ‌بوو ، کەئێستا پاکی ڕوخاوە ۰۰ !

★ ★ ★

بـەڵێ ئەوسـا دڵێکم‌بوو ، کەسەرچـاوەی ژیـانم‌بوو
دڵـێ : مەڵبەنـدی ئاواتـو تـەوژم‌و تینی گیانم‌بوو

دڵـێ : گوڵزاری‌دڵـداری‌و بەهەشتی خۆشەویستی‌بوو
وەکـو بتخانـە مەیـدانی بتـی جوانی‌پـەرستی‌بوو

لـەگـەڵ هـاوارو گریـانی هـەژارانا لـەشینابوو
لەگـەڵ ناڵـەی کـەساسانا لـەخورپەو ڕاچـەنینابوو

لـەژێرسایەی ئەوینێکا ، هـەمووسیحرێکی پۆشی‌بوو
لـەکونجێکی خەرابـاتا[٥] ، خـەریکی بـادەنۆشی‌بوو

(٣) لەچاپی یەکەمدا (سەرگوزشتە) نووسراوە ۰

(٤) لەچاپی یەکەمدا ، نووسراوە (ئەوی یەك‌تۆزە ڕوناکی ئەدا ۰۰۰) ۰
بیرمە من لەبنەڕەتدا ووتبووم : (ئەوی ئەوساکە ڕوناکی ئەدا ۰۰۰) ، بەڵام
کەبۆ کاك (مەحمود تۆفیق)م نووسی‌یەوە ، خۆم ئەو دەستکاری‌یەم کردبوو ،
کەئێستا ئەودەستکاری‌یە بەڕاستنازانم ۰

(٥) خەرابات : مەیخانە ۰

دڵــێ‌بوو : داروديــوارى هــەموو مەستى نيگارێ‌بوو
هــەمــووسوچێکى دەســکردى ، بەڵێنى تاقــەيارێ‌بوو

دڵێ ، خونچەی‌تەمای وابوو ، لەخۆشی‌ئەو دەمی‌واکا[٦]
کەتيشکی ئــەو لەلێوی‌دا ، گوڵاوپرژێنی دنياکا ٠٠ !

دڵــێ ، ئامادەبوو ، تــارى ، هەزارئاوازی لێ‌هەستێ
بەمەرجێ : گوڵبەدەم جارێ بەمەستی لێی‌بدا،دەستێ !

تــەلاری‌دڵ ، کەديــواری وەهــا مەستی‌ئەوينی‌بوو :
لەباوەش‌گرتنی باڵای ، هەمووئاواتی ژينی‌بوو ٠٠ !

گوڵ‌وگوڵزاری دڵ وابوو :خەياڵی ڕۆژو هی‌شەويان :
(کەوا پرشنگی‌دووچاوت،بڕێژێ چاوی‌بێ‌خەويان[٧]!)

وەنەوشەو نێرگزو شەوبۆ ، هەموو سەرخۆشی تاسەی‌بوون
لەتەك سروەی‌بەيانيدا : تەماداری هــەناسەی‌بوون٠ !

هەناسەی‌ئەو ، کەبێ ،ڕايانژەنێت‌و ماچی‌کا ، ڕوويان
کەدابپێنێ ، لەجێی سروەی‌بەيانی ، زولفەو گێسوويان٠٠!

---

(٦) دەمی واکا : دەمی‌بکاتەوە ٠

(٧) سەرچاوەی ئەم نيوەبەيتە لەشــيعرێکی (ميخائيل نوعەيمە)وە وەرگــيراوە :
(کحل اللهم عيني بشعاع من ضياك کي تراك) ٠

هەموو پێکێکی مەینۆشی ، بەیادی ئەو ، کە پڕ مەی بوو
لەمەیخانەی دڵا کەیلی : بزەی ئەو جووتەلێوەی بوو !

هەموو پاڕانەوەی وابوو ، بەشێوان و سبەینانێ :
کەڕۆژێ لێوی پڕتاسەی ، لەسەر دوو لێوی ئەو دانێ !

* * *

کەچی ئەو کۆشکی چەندسالەی ، دڵم بنچینەکەی دانا
بەتەنیا گەردەلولێکی (نەهاتی) ، چووبەئاسمانا ..!

هەموو ئەو نیازو ئاواتەی ، لەناوناخی دەروونابوو
لەداخی بێ بەڵێنی ئەو ، بەجارێ تەفروتوونابوو ..!

بەڵێ ، کاتێ بەختۆم زانی ، بەهاری پڕ ئەوین ڕۆیی
خەوو ئاواتی چەندساڵەو بەڵێنی پێ گەیین ڕۆیی ..!

گەلێکم پشکنی دنیا ، لەدووی ئەوجووتەلێوەی ئەو ،
هەزار ئەفسوس! نەئەوڕۆژەم بەدی کردو نەشێوەی ئەو .. ،

نەپرشنگی لەخونچەیدا ، نەپەنجەیدا ، لەتاری دڵ[8] ..،
نەبەژنی شۆخ و شەنگی بوو : بەمیوانی تەلاری دڵ[9] ..!

---

(٨) لەم بەیتەوە، بەتێکرایی وەڵامی بەیتەکانی پێشوو دەستپێ ئەکات، بۆنموونە: نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە ، پەیوەندی بەبەیتی دەیەم و یانزەیەمەوە هەیە .

(٩) ئەم نیوەی دووەمەش ، وەڵامی بەیتی دوانزەیەمەو تکاموایە لەبەیتەکانی تریشدا بگەڕێنەوە بۆ بەیتەکانی دوای بەیتی دوانزە ... هتد .

نـەچاوانی گوڵی ڕشتو نەکلچێوکێکی پیاهێنـا ••!
نەپرچی نێرگزی مەستو ، وەنەوشەی شینی داهێنا••!

نـەپێکی نایەسەرلێوو ، نەبیستم ڕازی شیرینی •••
نـەماڵئاوایی لێ کـردم ، نـەئیتر شێوەیم بینی ••!

★ ★ ★

بەڵێ ئەوخونچەیەی چەندهەنگ پەشۆکابوون لەژێرپێیدا
خەوی ڕۆژوشەوی وابوو : گزنگی چاوی تۆ لێیدا(١٠)••!

کەچاوی تۆی نـەدی شێوا ، لـەداخا کوڵمی خواکردی
گـەڵاکانی وەکو عومری منی بێچارە بـابردی(١١) ••!

تەڵی دڵ، چەندەسەیری کرد، کەپەنجەی تۆی نەدی چاوی
دەروونی بوو : بەگۆڕیچەی هەموو ئاوازی تاساوی••!

تەلاری دڵ کەڕۆشن بوو ، بەوەی تـۆبی بەمیوانی ••
هەواری چۆڵ وهۆڵی بوو : بەگۆڕی گردی سەیوانی(١٢)••!

گوڵی باخی دڵم ، چاوی ، بەدوی تۆدا ئەوەندگێـرا••
هەتاکو چاوەکەی خۆشی ، لەدەوری چاوی تۆ گێرا ••!

(١٠ـ١١) لـەم دووبەیتەوە ، جارێکی تر ، وەڵامی بەیتەکانی پێشوو ، یەک بەیەک دەسـتپـێ ئـەکات ، بـەڵام بـەدرێژی (بـڕوانە بەیتەکـانی دەیـەم و بەیتەکانی دوای ئەو) •

(١٢) گـردی سەیوان : گـردێکی بچوکە گۆڕستانی شـاری سلێمانی یە ، کەوتوەتە باشوری خۆرهەڵاتی سلێمانی یەوە •

وەنەوشەودەستەخوشکانی ، لەبێ‌مەیلی هەناسەی تۆ ،
هەناسەی دەرنەچوودەمیان‌و تاساشن ، لەتاسەی تۆ ..!

وەیا ئەوپێکەڕەنگینەی کەهەرنەیبیست‌لەتۆ دەنگێ..!
لەداخا بادەکەی‌پشت‌و ، سەری‌خۆی‌دایەبەر سەنگێ..!

لەپاشا ، گەردوتۆزقانی ، کەوەك‌کەرتی دڵی‌من‌بوو
یەکی ڕوی‌کردەسوچێك‌و لەتاریکی‌شەوا وون‌بوو ..!

★ ★ ★

بەڵێ ، ئێستا ئەوی‌جێ‌ماوەبۆمن ، یادگارێکە ..!
بەسەرهاتی دڵی‌وردو بەسەرچوونی بەهارێکە ..!

(لەساڵی ١٩٤٦دا ووتراوە و
لەنیسانی ١٩٨٣دا تەواوکراوە)

(شانزەساڵ چاوەڕوانی[1])

دوێنێ لـەتەك نـەمانی سورایی خـۆرنشینا ••
کەشەو هێواشـی بـاڵی ، کێشا بەسـەر زەمینا[2]

تـۆماری شـانزەسـاڵی ژیـانی خۆشـەویستیم
ئـاواتی پـڕلەتاسـەی دەروونو گیـانیبرسـیم

بـەجـارێ نـایەچـاڵی ژیـانی پـڕسـزاوە ••
کەشەوقی چـەندەگەنجی هـەژاری تیاڕزاوە[3] !

---

(١) ئەمشیعرە کـە لەسـاڵی ١٩٤٨دا ووتراوە ، یادکردنەوەی خۆشەویستییەکی سەرەتای هەرزەکاریمە (موراهەقە) کـە لەساڵی ١٩٣٨دا کۆتاییهاتووە ! ، واتە : لەکاتێکدا ووتراوە کەهیچ تێنوشوێنەوارێکی ئەوخۆشەویستییە لەدڵو دەروونمدا نەماوە ، بەڵام گێڕانەوەی بەسۆزی بەسەرهاتێکی لەوێنەیخۆی ، لـەلایەن هـاوڕێیەکی ئـەوسامەوە ، بـووبەهۆی دانانی ئـەمشیعرە ، کـە لەحەرفەتێکیتردا باسیئەکەم •

(٢) لەچاپی یەکەمدا ، لـەباتی (کێشابەبەر زەمینا) نووسـراوە : (کێشابەڕوی زەمیـنا) •

(٣) کاکەی فەللاح لـەنێوان بـەیتی سێیـەمو چـوارەمدا ئەمبەیتەی نووسیوە :

(دوێنێ کـەوەك بـرایم ، بـەکوێری دانەنیشـتم
لەبەر بەختوری جوانیت ، لەبوونی خوا ، گەیشتم)

لەپێش هەمووشتێکدا ، (دوێنێ کەوەك برایم••) نییە ، بەڵکو ڕاستییەکەی: (ئەوسـا کەوەك بـرایم••)ە ، جگـەلەوە ئەمبەیتە ، سـەرەتای کۆپلەیەکی تازەیە ، ئەکەوێتە دوای بەیتی شەشەم ، بـەڵام لەبەر ئەوەی لەکاتی خـۆیدا

←

لەتەك هەموو عەزابو ژیانی بێهێوادا ،
ئەم ڕەنجیسالەهایەم ، کەگشتی چووبەبادا

لەتەك ئەمانەشا ، من ، هەرچەندە تێگەییشتووم
کەدووی خەیاڵی دووری ، پەرینیگارێ کەوتووم!

لەکانی قوڵی دلما : کەبۆتە گۆڕیئاوات
ڕژاوە نەقشی باڵای بڵندی ئاڵوواڵات !

هەبابەیلێ/١٩٤٨

←

تەواومنەکردوە ، فرێدانیم بەڕاستتر زانیوە · باسی ئەوە لێرەداناکەم ، کە ئاومرۆکی ئەمبەیتە ، وێنەیەكئەکێشێت ، کە پێچەوانەی وێنەی شەشبەیتەکەی سەرەوەیەو ، کەئەبوو (کاکەی فەللاح) ، هەربەوەدا بیزانیایە ئەوبەیتە ئەکەوێتە دوای شەشبەیتەکەی پێشوو ، ئەلێم : باسی ئەمخالە هەڵئەگرم بۆ شوێنیخۆی ، بەمبۆنەیەوە پێویستە ئەوەبڵێم کەمەبەست لەووشەی (هەژار) لەمبەیتەدا (بەسزمان)ە نەك ئەوهەژارەی (کاکەی فەللاح) لە(کاروانی ـ ل١٥٩)دا باسیئەکات ، وەك لەشوێنیخۆیدا بەدرێژی لێینەدوێم ·

(پێنجخشتەکی لەسەر غەزەلێکی «شێخ نووری[1]»)

(١) قـەت نەدەی ئازاری گیانی مەستو بێدارانی شـەو
خۆت نەخەیتە بەر شـەپۆلی ئەشـکی بێپایانی شـەو
ئەی کچی خواوەندی جوانیو ئەی چرای دیوانی شەو !
«خـۆت بپارێـزە لـە ئاهی دڵبـرینداراني شـەو[2]
نـەك خواناکـەردە گـیرابێ دۆعای نـاڵانی شەو !»

★ ★ ★

(٢) وێڵـمو تاریکـە دەورم ، فەرشـی ڕێگـەم مەینەتە
بێ کەسم ، تەنیائـەنالم ، مەرگی خـۆمم عەزرەتە[3]
سازی ئاهەنگی شـەوانم ، سـۆزی جەرگی لەت لەتە
«یـاوەرو یـاری ئەنیسم ئـاهو ئەشـکی حەسـرەتە
ئـافەرین ئەی بارەکەڵڵا ، دیدەیی گـریانی شەو !»

★ ★ ★

(٣) وانـەزانی دەسـتی خـەم یـادت لەدڵـدا دەرئـەکا
ئەشـکی خـوێنینم دەلیلە بـۆ کەسـێ بـاوەڕ نەکا
گیانەکەم بەو تیشکی چاوەی شەڕ لەگەڵ ئەختەر ئەکا

---

(١) شێخ نوری شێخ سالح (١٨٩٨ ـ ١٩٥٨) یەکێکە لەشـاعیرە گەورەکانی ئـەم چەرخی دواییەی نەتەوەی کورد (بـڕوانە ـ شیعرو ئـەدەبیاتی کـوردی ـ نووسینی ڕەفیق حیلمی ـ بەرگی دووەم ـ بەغدا ـ ل١٩٩ ـ ٢٠٨) •

(٢) سێ دێـڕەکەی پێشـەوە هی منەو دوودێڕی نـاوکەوانەکە هی خوالێخۆشبوو شـێخ نوریە •

(٣) لەچاپی یەکەمدا (تەنهانەنالم) نووسراوە ، کـە (تەنیـا) ڕاسترە (بـڕوانە پێشەکی ئەم دیوانە) •

«دڵ ئەبێتەقەترەیێ خـوێن‌و لـەدیدەم سـەرئـەکا
هـەر کەڕابورێ بەدڵما : سـوحبەتی جارانی‌شەو»

*　　*　　*

(٤) هاودەمێ‌فەرموی : لەبەرچی کردەوەت‌گریانەهەر ؟
تـافی لاوێتیتە ، لاوی ، قـەلبەزەی سـەیرانە هەر
من‌ووتم سـەیران‌و خـۆشی پێشکەشی شـادانەهەر
«ئەشکی حەسـرەت لازمی جەمعی سـیابەختانەهەر
شـەونمی سوبحە دەلیلی قـەترەیەك گریانی شەو»

*　　*　　*

(٥) هـەوڵی زۆرمدا ، لەداوی زوڵفی ئـەو بێ‌مروەتە
دەرچـم‌و دوایی‌بهێنـم ، بـەم عـەزاب‌و مـەینەتە
پێی‌ووتم : بێ‌سودە هەوڵت ، تاکوماوی جێگەتە(١) !
«نـوری ! لەم پێچ‌و خەمی زوڵفە نەجاتت زەحمەتە
لای سەخی تەبعان مەحاڵە ڕوخسەتی میوانی شەو ٠»

هەڵەبجە/١٩٤٨

---

(٤) ئەم دێرە لەچاپی یەکەمدا لەبیرچووە ٠

(چەپکەگوڵێك بۆ «ستڤاتمە»)

(لەپێشەکی ئەم دیوانەدا ، بەدرێژی باسی ئەمشیعرە کراوە : بۆچی دانراوە ؟ لەچ بارو دۆخێکیدا دانراوە ؟ ... هتد ، لەبەرئەوە هەرکەس حەزئەکات لەمبابەتە تێبگات ،بابگەڕێتەوە بۆپێشەکی ئەمدیوانە کە وەڵامی گەلێك پرسیاری جۆربەجۆری هەندێك برادەر ئەداتەوە) .

فاتمە[1] ! دووچاوی‌مەستت ، پڕتەلیسمی جوانی‌یە
پڕ شەرابی خۆشەویستی‌و عارەقی یەزدانی‌یە ،
بەژن‌و باڵاکەت نموونەی : هەیکەلی یۆنانی‌یە ،
لارولەنجەت مۆسیقایە ، بەستەیە ، گۆرانی‌یە
بووکی‌ڕازاوەی خەیاڵم ، گیانەکەم ستڤاتمە !
تاقە‌ڕشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە ..

* * *

گەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ، ئەفسانەیە
هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن‌تەلار و خانەیە
گیانەکەم ! ئەمما دڵی‌من لەو دڵەشێتانەیە
بێ‌ئەوەی هیچ شك‌بەرێ ، کوژراوی ئەوچاوانەیە
هەر بەتەنیا خۆشەویستی شك‌ئەبەم ، ستڤاتمە !
سەروەتم ناوێ ، بەزمی تۆ : ئەوپەڕی ئاواتمە ..

* * *

خۆشەویستی‌وا کە نامەی خوایە بۆ پێغەمبەران
بەرز و ناسك ، وەك هەناسەی پڕ گوڵاوی دولبەران
نەك وەکو حەزکردنی دینارو گەوهەر پەروەران

(١) لەچاپی یەکەمدا «فاتیمە» نووسراوە ، بڕوانە (ڕازی تەنیایی ــ ل٢١) .

ئــەو کەسانەی بۆ قڕانێ ، چەندە دڵیان هــەڵوەران !
خەڵقی تــر ، پارە پەرستی ، با بکەن ، ست فاتمــە !
مــن بەتەنیا ، تــۆ پەرستی ، ئەوپەڕی ئاواتمە٠٠٠

★ ★ ★

زۆر کەڕەت هــانم ئەدا ، داخــی دەروونی پــر گڕم
بۆتی هەڵڕێــژم : سکاڵای ناسکی گــەرم و گوڕم٠٠٠
داخــەکەم ، کــاتێ کــەدێمە بــەردەمت ، ڕاقی وڕم
وام ئەشێوێنێ بــەجۆرێ نــایەڵێ هیچ دەر بڕم ٠٠!
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم ! گیانەکەم ست فاتمــە٠٠!
گوێیە بۆ ئەمڕازە شلکەی ، ئەوپەڕی ئاواتمــە٠٠

سلیمانی/١٩٥٠

(دوو چەشن دڵداری)

ئەمشیعرە لەچاپی یەکەمدا ناوی (دلداری کچی‌تازە)یە[1] ، ئەگەرچی لەبنەرەتدا ناوی (دووچەشن دلداری) بوو ، هەروەها ئەمشیعرە (هەمان چیرۆکی خۆشەویستی) منی‌یە ، وەك (کاکەی فەللاح) ئەلێ ۰۰۰ ! جا بۆئەوەی چاکتر لەمشیعرە تێبگەیت ، تکایە بروانە (پێشەکی ئەمدیوانە) ۰

*　　*　　*

ئەمدڵەی وەك بتپەرستێ رووئەکاتە چاوەکەت
نوێژئەکا بۆ : تیشکی چاووزولفە تێك‌ئالاوەکەت
گەرچی ئەیشێلی بەزەبری قۆندەرەو پێلاوەکەت
قەت بەدڵرەق باست‌ناکەم ، نایزڕێنم : ناوەکەت
چونکە ئەیزانم تەلاری یارە خواپێداوەکەت
مەستی‌کردووی ، بۆیەنابینێ‌لەعاستم ، چاوەکەت

*　　*　　*

باخەوان بۆئەومەبەستە گوڵ‌ئەلاوێنێتەوە :
بۆ ئەوەی گەورەی‌بکاو بۆپارە بیگۆڕێتەوە
بیفرۆشێ بەوکەسەی خەڵقی ئەڕوتێنێتەوە !
بۆئەوەی مێزی‌شەرابی : پێ‌برازێنێتەوە ۰۰۰
کچ لەلای‌ئێمەش گوڵێکە ، بۆیەپەروەردەی‌ئەکەن[2]
تا برازێنێتەوە : مێزی‌شەرابی دەوڵەمەن ۰۰ !

*　　*　　*

ڕەنگە لاتوابێ کەگوایا : یارەکەت مارەت‌ئەکا
یا بەکەیبانووی تەلاری بەرزی ئەمشارەت‌ئەکا

---

(۱) بروانە چاپی یەکەمی (ڕازی تەنیایی ـ ۱۹۵۷ ـ ل۲٦) ۰

(۲) لەچاپی یەکەمدا نووسراوە (کچ‌لەلای ئێمە) ۰

ئەمخەیاڵەت خاوە ، تووشی : داوی ئەومارەتئەکا
چــونکە وەك گورگێکە مەیلی ئــەو لەشولارەتئەکا
ئــەو بەتەنیا بۆ گوڵی سەرمێزی بادەی[1] تۆیئەوێ
هەر کەجارێ بۆنی کردی ، جا گوڵێکی نوێی ئەوێ !

★ ★ ★

ئــەو ، گوڵی بــۆ : مێزیبادەو بۆکەرویاری ئەوێ
واتــە : تــۆی بــۆ تێپەڕینی کاتیبێــزاری ئەوێ
مــن ، گــوڵم بــۆ : تۆوی باخی ژینودڵداری ئەوێ
یانیمن ، تــۆم بۆ : ئەوینی عومرییەکجاری ئەوێ
تــۆم ئەوێ وەك گــوڵ لــەباخی ماڵی مندا هەڵبدەی
نەك گوڵی سەر مێزی تێمڕۆییتو پێخوستی سبەی !

★ ★ ★

من ، ئەوینمهێنی عومرەو ، هی حەزیشەوگارنییە
وەك خــەوی خــاوەن تــەلارو خــاوەنی دینارنییە
هــەربوەو هەرگیز ئــەمێنێ ، هێنی جارو بار نییە
ئــاوی لێڵی جــوێرەشێوی - چــەشنی هی ڕوبارنییە
جــا ئیتر مــن وافسەیحــۆم پێ دــەیاندی ، بێدرۆ
حەزئەدەی هەروەتپەپوولە ڕووەتا سر دەو بــرۆ !

لەساڵی ١٩٥٠دا ووتراوەو
لەساڵی ١٩٨٣دا تەواوکراوە

---

(٣) بادە : شەراب ، مەی .

(تـــەپلـــی بـــەتـــاڵ)

ئەمشیعرە کە لەساڵی ۱۹٥۱دا ووتـراوە ، بەسـەرهاتی کابرایەکی ڕوخاوە کە لەسەردەمی (پاشایەتیدا) ، ڕوونەکاتـە کۆشکێکو لـەوێ : ڕوخـاننی خـۆی مۆرئەکاتو دوایئەوە بەرزیئەکەنەوەو ئەبێت بەخاوەن پایەیەکی بـەرز ۰۰۰ ، بەڵام (کاکەی فەللاح) تەواونەکردنی ئەمشیعرە بەهەڵئەزانێ ، بۆئەوەی ئەمشیعرە بەئارەزووی خۆی لێکبداتەوە ۰۰ (بڕوانە پێشەکی ئەمدیوانە) ۰

★ ★ ★

(وەمزانی : کەناموسوحەیا نرخی کوڕانە[1]

ڕاستگۆیی ووڵات پەروەری ، ئەنجامیژیانە

نەمزانی بـراکەم ، هـەموو ئەم نـاوەزلانە

وەك تەپلیبەتاڵ ، گەرچی زلوگەورەیە ، دەنگیان

دەسکردیخـەیاڵن ، لـەژیانا : نییـەڕەنگیان !)

★ ★ ★

(نەمزانی ئەتیکێتی سـەدەیتازە ، ڕیـایە !

ئـادابیلـەلایە ئـەویوەكلـۆتیوەهـایە

فیزی ئـەمو ئەو هـەڵتەپەڕێنێ بـەسـەنایە

کێباویهـەبوو - نۆکەرەئـەو ، گـوێئەلەقێنێ

مەیمونە ، تەشیڕێسە ، بـەدڵ پیاهەڵئەخوێنێ !)

★ ★ ★

بەمجۆرە ئەڕۆیشتو لەبەرخۆیەوە ئەیووت :

بڕوا کە نەکەیت، یاکەنەبی ئێستەکەدەمکوت

---

(۱) (کاکەی فەللاح)۰۰۰(کوڕانە)ی کـردووە بە(گـرانە) ! ، لەوەش سـەیرتر ئەوەیە ، لەپەراوێزیشدا ئەڵێت : «لەچاپدا بەهەلە (کوڕانە) نووسراوە ئەگینا (گرانە)یە۰۰» (کاروانیشیعر ـ ل١٤٦ ـ پەراوێزی ۸) ۰

فەرمو ئەوەگەل : چۆنی ئەڵێم ، وایەکوتومت
گەورەی کەلەبەر پارە تەشی ڕستنە پیشەی
بچکۆلەکەشی نۆکەری یە ، کاری هەمیشەی !)

★ ★ ★

(چەندساڵە، لەڕێی ئەمگەلەدا، من کەئەسووتێم
کەس نرخی نەزانیمو هەتا تێ نەگەیی لێم... !
ساشەرتە کەمیللەت ئەمەبێ ، بیخەمەژێر پێم..
هەرچەندە بەسەرزاری ئەبێ : گەلمەبەسم بێ
بۆشوێنەوونی ، بەرزیی ئەو : گورزی دەسم بێ(۲)!)

★ ★ ★

ئاوا بەرقو کینەوە هەنگاوی ئەنا بۆی
پیلانی ئەکێشا بەخەیاڵو خەوی بێ شۆی(۳)
تاگەیی یە تەلارێکو کەمێ هاتەوە سەرخۆی
وەك دوودڵی یەك ، قاچی ببەستێتەوە تاوێ
وەستاو ، لەپاشا ، چووە ژوورێ بەشەقاوێ

★ ★ ★

لەوڕۆژەوە هەرچی کەئەزانیو نەئەزانی
لەو کۆشکە هەڵی ڕشتو فرۆشتی بەنیهانی
کۆتایی بەژینی لەوەپێشی ، بەوەهانی !

---

(۲) ئەو بەیتانەی لەنێوان دووکەوانەدان ، قسەی کابرای ڕووخاوە کەئەڕواو لەبەرخۆیەوە ئەوقسانەئەکاتو قسەکان لێرەدا تەواوئەبێت .

(۳) بێشۆ : بێ ئەندازە ، لەئەندازەبەدەر ، بڕوانە (دیوانی مەولەوی ـ لێکدانەوەی مەلاعبدالکریمی مدرس ـ بەغدا ـ ۱۹٦۱ ـ ل۳۳) .

لەوساوە قەلەمبازی ئەدا : پایە بە پایە !
بۆ هەلمەتەکاسەی گەلەکەی ، بووبووەسایە[4]

★ ★ ★

ئینجا کەگەیی ئەو بەرنەو پایەیی ئەمرۆی[5]
کۆبوونەوەلێی : پایەپەرستانی وەکوخۆی
تاکو بەتەشیڕستنو بادانی درۆ بۆی
سەودا لە پەنایا بکەنو (جێ) بفرۆشن
پاروو بگلێنن بەشەوو بادە بنۆشن

★ ★ ★

شەو مێزیشەرابی کەئەڕازایەوە بۆکۆڕ
ڕووناکی ئەبەخشی لەشەوا ، ویسکییسەرمۆر !
جا پێكو سەری گەرمو قسەو بابەتیسەدجۆر
هەر پەخشی ستایشی بوو بە سەر کاکی بەڕێزا
هەر گوێئەکرا ، جا ، بەیەخەی خاوەنیمێزا !

★ ★ ★

تەنیا کەئەبوو ، یا خەفەتێ کاریئەکردتێی
ئەیدی کەقسەی هاودەمەکەی دێتەوەبەر گوێی

---

(٤) مسایە : سێبەر ، هەلمەتەکاسە : مرۆڤی چاوچنۆکی خۆتێهەلقورتێنو بێچاوو ڕوو • بڕوانە (فەرهەنگی خال ـ ٣ ـ ٤٢٠ ـ سلێمانی ١٩٧٤ لەناوەوە ١٩٧٦ ـ لەبەرگی فەرهەنگەکە نووسراوە) •

(٥) پایەیی ئەمرۆی : مەبەست سالی (١٩٥١)ە کەشیعرەکەی تێداووتراوە ، چونکە باسی کابرایەکی ڕووخاوە لەسەردەمی پاشایەتیدا •

بەمشێوەیە ، ئەیخوێنلەوە ، ئەونامەیە بۆخۆی[٦] :

(فەرموتە : ئەوەی خزمەتی ژێردەستی مەبەستبێ
پێویستە وەکوئێوە : مەزنبێتو بەدەستبێ ١٠٠!)

★ ★ ★

(پاکانەئەکەیت بۆ: هەوەسی نەوسنوبرسیت؟!
گـوایا کەلەبەرخزمەتیگەل ، عاشقیکورسیت ؟
کـورسیتکەهەبێ ، دادیگـەلی لێوەئەپرسیت ؟
قوربان ! بەچڕەنگث پێتئەکرێ : خزمەتیکونجێ
تاسودی لەگەڵ سودیسەری گەورە ، نەگونجێ ؟)

★ ★ ★

(خـۆ گەر بیەوێ ئـەو سەرە ، پیلانێ بتاشێ
یابۆ گەلەکەت ، سازیبکا : کورەوو ئاشـێ
ئەیبینی کەلەم دامەیەدا ، ئـەتکەنە : داشێ !
ئەوسا مەزنیت ، دەرئەکەوێ ، خـەونوخـەیاڵە
ئەو گەورەیییەی ئێوە وەکو : تـەپڵی بەتاڵە[٧] !)

★ ★ ★

هـەرچیووتبوو هاودەمەکەی ، گشتیوەهابوو
پیـلانوگـەلو ڕۆڵەیی گەل ، ئـاگروکابوو

---

٦) ئەوبەیتانەی دوای ئەمدێڕە خراونەتە ناو دووکەوانەوە ، نـامەی هـاودەمی کابـرای ڕووخـاوە ، کـە بۆکابـرای ڕووخـاوی نـاردووەو ، بەقسەکاندا دەرئەکەوێ کەنامەی هاودەمەکەی لـەوەڵامی نامەیەکی کابـرای ڕووخـاودا نووسـراوە ٠

(٧) لێرەدا : نامەی هاودەمەکەی تەواوئەبێت ٠

بـۆسودی کەسانێ ، ملی چـەندرۆلە شکابوو !
لـەم نەقشەیەدا ، کـاکی مەزن ، پیادەیی شابوو[8]
لافی مـەزنی و گـەورەیی ئەو ، هـەروەکو بابوو !

★ ★ ★

ئەوسا قسەکەی هاتەوەگوێ ، زۆربـەزولالی
(تۆ دەنگی دەهۆلێکی ، وەیا : تەپلی بەتالی ..!)

لەسالی ۱۹۵۱دا وەتـراوەو
لەسالی ۱۹۸۳دا تەواوکراوە

---

(۸) پیادەی (شـا) لەیاری (شـەترنج)دا ، هیچ دەسـەلاتێکی نیە ، هەرئەبێ سنگ بنێ بۆپێشەوە .

(چــاوەڕوانی بێهوودە)

هەموو ڕۆژێ لەبەرسەیری بتی ئەو بەژنوبالایە
لەسەرڕێدا ئەوەستمن ، هەتاکو ئاوی پێمدایە !

بــەدووچــاوێ کەشەوقی چاوەڕوانی ئەیترۆکێنێ
بەدووچاوێ کەسرپی قوولی لاوێتی ، ئەدرکێنێ

سەرنجی ڕێ ئەدەم ، ڕێگا ، هەموو شێوەی ئەوی تیایە
وەکودنیا لەناوجوانی ئەواتوابێتەوە ، ۰۰۰ وایە

شنەی با، باسی جوانی ی ئەو، بەگوێی منداڵەچرپێنێ
هەموو دەرکەوتنی شــۆخێ ، دڵی من دائەخورپێنێ

بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە
کەسەرتاپا لەئاوازی بەهەشتی خواوە ۰۰ پەیدایە

بەڵێ ! کاتێ «کەئەودەرکەوت ، ئیترمن بێ سەروشوێنم»
بەتیشکی خۆری جوانی ی ئەو، بەجارێ قولپ ئەدا خوێنم

وەکوچۆن نەونەمامێ ، گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ
لــەشم موچرکی دڵداری ، وەهاناخی ئەبزوێنێ !

★ ★ ★

ئەگەرچی وەك خەیاڵی‌من عەبادەوری لەشی‌داوە[1]
لەئەنــدامو لەشــوولاری بڵندوڕێکی ... ئاڵاوە

بــەڵام کاتێ‌کەبا چمکی‌عەباکەی لائەدا ، تــاوێ
ئەڕێژێ پووزی‌نایابی ،لەسیحری‌خوایی ، لاڤاوێ

سلێمانی/ ١٩٥١

---

(١) ئاشکرایە کە لەم‌بەیتەوە (کۆپلە)یەکی تازە دەست‌پێ‌ئەکات بەڵام کاتی خۆی پێم‌تەواو نەکرا ..... .

(ڕازی تـەنیـایی)

ئەمشیعرە هەرچەندە لەساڵی ١٩٥١دا ووتراوە ، بـەلام شیوەنێکە ، یـان ئاوڕدانەوەیەکە لەقـۆناخێکی لەوەپێشـتر ٠٠ واتـە لـەمڕووەوە ، تـاڕادەیەك لە(شانزە ساڵ چاوەڕوانی) ئەچێت، وەکو لەو نامیلکەیەدا، باسی ئەکەم کەئەکەوێتە دوای ئەم دیوانە ٠

ئەحمەد هەردی

★ ★ ★

ژیان و ئـەرکی ناخۆشی ی : پـەپوولەی ئارەزووی کوشتم
شـەرابی جامی دڵـداری ، لـە تاقی لاوییـا ، ڕشـتم !
تـەمی ڕۆژانی پـڕ مەینەت ، وەهـا تـاریك و چلکن بوو
نیگاری خۆشـەویستی دڵ ، پـەری ئاسایی ، تیاون بوو !
شـەوی تەنیایی ، ڕووناکی چـرای ئـاواتی ، خنکـانم
دەسـی نـاکامی ، ئـاوازی دەروونی کـەیلی ، تاسـانم
ئـەوا ئێسـتا لـەگەڵ زامی ،

دەروونـی پـڕ لـە نـاکـامی
ئـەپێوم چـۆڵی : سـەرسامی

★ ★ ★

لـە تەنیایی شـەوی ژینا ، ئـەنێم هـەنگاوی کوێرانە !
نی یـە دەسـتێ ، دەرمبێنێ لـە ناو ئـەم گـۆڕە وێـرانە
نی یە جـوانێ ، سەری کاسم ، بنێمە سـەر دڵی نـەرمی !
کـە هیلاکی لەشم دەرکا ، خـەوی سـەر باوەشی گەرمی
ئـەگێرم چـاوی بێ تینـم ، بـە تاریکی شەوا ، سەرسام
نی یە پرشنگی دوو چاوێ ، کەڕووناکی بکا ، ڕێگـام ٠٠!

بـەفەیری بـاڵی غـەمناکی ،
شـەوی پڕ ترسـ و سامناکی ،
نی یـە یەك تـۆزە ڕووناکی !

*　　*　　*

نی یـە تـەنیا پـەریـزادێ ، کـە پالم پێـوەنێ ، نـازی
کـە بەهرەی سیسـ و ژاکـاوم ، ببوژێنێتـەوە ، ڕازی
تـریقەی ئەو ، تـەمی ئەم یەئسـە ڕامالێ لەسـەرچاوم
وەکـو لایـلایـەژیـری کـا ، دلی منـدالی گـریـاوم
بـەلێ گوێ هەلئەخەم بێجگە لەخورپەی سستو لێدانی !
دلی پەستم ، کـە نووزەی دێ بـەعاستەم ڕازی پـەنهانی
نی یە هـەردەنگی هیچ نایێ ،

لـەهیچ شـوێنێ لـەهیچ لایێ
شـەقەی باڵێ شنەی بایێ ..!

سلێمانی/ ١٩٥١

(صَلواتُ المحبِّ)[1]

مُنذُ أنْ أشرَقتِ في دُنيا الغَرامْ
تَسكبينَ السِحرَ في جَفنِ الوُجودْ
بِتُّ كالنَشوانِ مِنْ خَمرِ الهُيامْ
أنطِقُ القيثارَ مِنْ لَحنِ الخُلودْ

★ ★ ★

يا مِثالَ الفَنِّ ! يا طَيفَ الإلهْ !
في حَنايا القَلبِ قلبي المتَعبّدِ
بَسمَةٌ تَرنو عَلى تِلكَ الشِفاهْ
تَغمُرُ الدُنيا : بِنورٍ سَرمَدِيٍّ...!

★ ★ ★

بَسمَةٌ تُوحي لأذهانِ الزُهورْ
سِرَّ ذَيّاكَ الغَديرِ الناعِسِ
تُنعِشُ الآمالَ ، تَشدو بِالحبُورْ
في فؤادِ المُستَهامِ اليائِسِ .

★ ★ ★

فابسُمي كالزَهرِ في وَجهِ الصَباحْ
أوْ كآمالي الّتي لاتَنتَهي

(١) لەکاتی خۆیدا ، خالید سەعیدی هونەرمەند ، ئەمشیعرەی لەگۆڤاری «الهاتفەی (ئەجەفی)دا بڵاوکردەوە ، لەگەڵ سەرپۆتێکی ڕۆمانسیانەی ژیانیمندا ، داخەکەم ژمارەی گۆڤارەکەو ساڵی دەرچونیم لەبیرنەماوە ، هۆی دانانی ئەم شیعرە لەپێشەکی ئەمدیوانەدا باسکراوە ، تکایە سەرنجیبدە .

ئەحمەد هەردی

وآسكُرِي العُشّاقَ بالخَمْرِ المُباحْ
مِنْ ثَنايا ذلِكَ الثّغرِ الشّهِي

* * *

ثَغرُكِ السّابحُ في مَوْجِ السّنا
فاضَ مِنْ وَجْهٍ سَماوِيٍّ وَدِيعْ
دافِئٌ كالشّوقِ فِي جَفْنِ المُنى
رائِعٌ كالسِحْرِ .. كالفَنِّ الرَفِيعْ

* * *

وَجْهُكِ .. اوّاهُ.. ماجَدْوى الكَلامْ ؟
في جَمالٍ .. لَجٌّ في .. أسرارِهِ
إنّ سِرّ الحُسْنِ في ذاكَ القِوامْ
تَعجِزُ الأقلامُ عَنْ إظهارِهِ

* * *

فانظُري قَدْ ضاعَ هذا العابِدُ
في الدّياجي وَحدَهُ صِنْوَ السّقامْ
باتَ يَكفيهِ شُعاعٌ واحِدٌ
مِنْ سَنا عَينَيْكِ في هذا الظّلامْ

بغداد/ ١٩٥١

(تۆباڵی‌خۆت بەئەستۆی‌خۆتە)[1]

بەدەستی‌خــۆت ، کەجــامت خستەسەرلێوت غــەشیمانە
ئەگەرزەهریشی‌تێدابوو ، گوناهی‌خۆتە ، بیزانە ...

هــەڵــە یاخودگوناهت‌کرد ، لەکــاتێکا کــەبێ‌هــۆشی
ســزاو تــاڵاوی‌هەرچی‌بێ ، ئــەبێ وەك‌بادە ، بینۆشی

ئەگــەرپیاویتو ئەیــزانی ، کــەوا ئــۆباڵی‌کــردارت
لەئەســتۆی وردی خۆتایە ، ئیتر بێ‌ســوودە هاوارت !

(١٩٥٣)

---

(١) ئەم‌شیعرە ، سەرەتای چیرۆکێکە ، کەداخەکەم کاتی‌خــۆی تــەواونەکراوەو ، ئەو سێ‌بەیتەی لێرەدا نووسراوە ، قسەی قارەمانی چــیرۆکەکەیە ، کــەدوای ئەم‌قسانە خۆی‌ئەکوژێ ! داخــەکەم تەواونەکردنی ئەمیش ، بووەبەهــۆی ئەوەی : گەلێك قسەی ناڕەوای دوابخرێ ! و هەرکەسێك بەباری دڵی‌خۆیدا لێکی‌بداتەوە ! بۆ ئەوەی چاکتر لەم‌چیرۆکە بگەیت ، تکایە بــڕوانە پێشەکی ئەم دیوانە ! .

ئەحمەد هەردی

(خەرمانە ...![1])

چسرپێکت لەناودڵدا ، حەشارداوە بەپەنهانی ؟
کەچاوت چەشنی ئاوێنە وەهابێ پەردە درکانی ...
ئەزانم دڵ هەیە ، وەکمس ، کەڕەنگەدێنێ بەئاسانی
دڵی تۆ زێری تێزابە لەکوێوە ڕەنگی هەڵهانی ؟
ئەمانە گەرچی تێناگەم ، بەلام پێویستە بیزانی[2] :
هەتا ماوم لەدنیادا ، فریشتەی باخی ئاواتم
بەدڵ هەرچەشنی خەرمانە ، لەدەوری مانگی گۆناتم ..!

(١٩٥٣)

---

(١) ئەمشیعرە لەچاپی یەکەمدا ناوی (منوتو)یە (ڕازی تەنیایی ١٩٥٧ ، ل٢٨)۰

(٢) ئەمدێرە لەچاپی یەکەمدا لەبیرچووە ۰

(پەیامی یار[1])

لەیارەوە :
لەشۆخ و شەنگی یارەوە ،
لەرازی ... پڕنیهانی‌یا ،
لەتەك شنەی‌بەیانی‌یا ،
پەیام لەیاری جوانەوە ،
گەیشتەلام ..

★ ★ ★

بەرامەکەی ،
گوڵاوی باخی نامەکەی ،
کەئاوی زیندەگانی‌یە ... ،
شەرابی کامەرانی‌یە ... ،
گوڵی‌هیوای ژیانەوە ... ،
گوڵی هیوام . . .

★ ★ ★

چ‌نامەیێ ؟
چ‌پەنجەیێ چ‌خامەیێ ؟
ئەوەندە دڵ‌ئەکاتەوە ؟ !
خەفەت لەبیر ئەباتەوە ،
ئەخاتە ناخی گیانەوە :
تەزوی بەتام ... ؟ !

سلێمانی/١٩٥٨

---

(١) ئەم‌شیعرە لەچاپی‌یەکەمدانی‌یە، چونکە دوای‌دەرچوونی چاپی‌یەکەم، دانراوە.

بۆ سەرکێلی گڵکۆی ئازیزان

پاشکۆی ـ یان بەشی دووەمی ڕازی تەنیایی

(بۆسەرکێلی گلکۆی ئازیزان)

«پێشـەکـی»

کاتێك کـە(ڕازی تەنیایی) بـۆ یەکەمجار ، لەچاپدرا ، من تەنیا دوو(چـوارینم) ، بەبۆنەی مردنی دوولاوی جوانەمەرگەوە دانابوو ، کـە هەردووکیان لەچاپی یەکەمدا نووسراون • بەلام دوای دەرچوونی (ڕازی تـەنیایی) ، ناچار بووم‌تکای هـەندێك برادەرو ناسیاوی بـەڕێز بگـرم‌و ، هـەندێك چـواریني تـری لـەوبابەتە(۱) ، دابنێم ، جـا ، لـەبەرئەوە ، وام بـەچاك‌زانی ، هەلبژاردەیەکیان بخەمە دوای دیوانەکەوەو لـەشیعرەکانی تـری جیابکەمەوەو ناوی‌بنێم : (بـۆ سەرکێلی : گلکـۆی ئـازیزان) ، چونکە هەریەکێکیان ، بـەومەبەستە دانراوە : کـەلەسەر کێلی ، ئەوجۆرە کەسانە بنووسرێت •

شایانی‌باسە ئـەو چوارینانەی بـۆ ئەومەبەستە دانـراون ، گـەلێك لەوەزۆرترن کەلێرەدا نووسـراون ، بگـرە لـەوانەیە : سێ‌ئەوەندەو چوارئەوەندەی ئەم‌چوارینانەی ئێـرەبن ، بـەلام هیچیانم لەبیرنەماوەو لای‌خۆشم نەنووسراونەتەوەو وەکوبیرم‌بێت، هیچیشیانم لەوپلەیەدا نەدیوە کە سۆراخێکیان‌بکەم ، تاکو لێرەدا بینـووسـمەوە •

بەم‌بۆنەیەوە ، پێویستە بلێم : من هیچ‌شتێکم ئەوەندەی‌ئەوە پێ‌گـران‌نی‌یە ، کـە لەسـەر داخـوازی خـەلك شـیعردانێم ،

بـەتايبەتی ئـەوشيعرانەی لەسەركێلی مـردوان ئەنووسـرێن ، بـەلام لـەگەڵ ڕوولێنـانی دۆستو ئاشـناياندا ئـەلێیچی ؟! لـەناو ئەوشيعرە كـەمانەدا كـە لێمڕوون‌بوون ، تـەنيا داخ بـۆ (شيوەن)ەكەی (بێكەس)ی) شـاعير ئەخـۆم ، كـەبۆ يادكردنەوەی مامۆسـتای ناوبـراو دامنـابوو لـەكۆبوونەوەيەكی سـينەمای (سيروان)دا لەسلێمانی خـوێندمەوە ، داخەكەم لـەگەڵ هـەموو هەوڵو تەقەللايەكدا بۆم نەدۆزرايەوە . لەكۆتاييدا هيوام‌وايە ئەم چەندچوارينە هەڵبژاردەيەشتان وەكوئەوانی‌تر بەدڵ‌بێت..

١٩٨٤/٤/٢٢

ئەحمەد هەردی

(١) بۆ (كەمال جەلالسائيب) ووتراوە، كە لە ٢٤/٧/١٩٣٨دا لەرانيە كوژراوە:

بـای‌ئـەجـەل‌هات‌و لـەناكاو ، دەفتەری‌ژينی دڕيـم
تاكودوێنێ خونچەبووم ، ئەمڕۆ بەناهەق ، هەڵوەريم !

وەك‌بـروسـكە نـەونەمـامێ داڕنێ ، وەختێ‌چـرۆ
هات‌و گوللەی‌وێڵ[١] لەناكاو[٢] ، بێ‌گوناه جەرگی‌بڕيم !
(١٩٣٨ز)

★ ★ ★

(٢) بەزمان (موحەممەد كەريم)ی هاوڕێمەوە ووتراوە كـە لەسەرەتای لاويـدا ، خۆی‌كوشتووە:

بـرام واتێ‌نـەگەی ئـاخم[١] ، لـەداخی نـائومێديمە
ئـەگەرچی زامی‌سەرسنگم : نيشانەی جوانەمەرگيمە !
بـەلام بـۆيە دڵـم‌بەرگوللەدا : زانيم كـەچـی‌تيايـە
دڵـێ‌وێنەی كچی‌تيابێ ، نـەمانی باشـە بۆچيمە[١] ؟ !
(١٩٥٣)

(٣) بۆ (مەهتابی شێخجەلالی شێخڕەشید) ووتراوە کە لەعەرەتی لاویدا جوانەمەرگبووە :

کەڕابوردی بەئەسپایی ، لەسەرئەمگۆڕە پێدانێ
کەمەهتابێکی تێدایە ، مەگەرئەوخوایە بیزانێ !

لەباخی خۆشەویستیدا ، گوڵاڵەی نەوجەوانی بوو
کەچی کاتیگەڵاڕیزانی ئەو ، هێشتا ، بەیانی بوو !

(١٩٥٩)

★ ★ ★

(٤) بۆ (ئەژادی ڕەمزی ئەفەندی) ووتراوە کە قوتابی کۆلیجی پزیشکیبووە لەئەستەمبوڵ ، لەعەرەتی لاویدا مردووە :

دەرختی ڕەنجی چەندساڵەم ، کەمی مابوو چرۆدەرکا
کەمی مابوو بەری باخم ، ژیانم پڕلەسێبەرکا

بەئەوئاواتە من ئەژیام ، لەکونجی دووروولاتێکا
لەپڕمردن ، تەلاری ژینمی ڕوخان ، لەساتێکا ٠٠ !

١٩٦٩/٣/٦

★ ★ ★

(٥) بۆ (شێخ ئەحمەدی شێخڕەزا)ی بەرزنجەیی ووتراوە ، کە لەنەخۆشخانەی سلێمانی کۆچیدوایی کردووە :

هەتامابووم ، دەسیتاسەم ، نەگەیی یە چاکی دڵخوازێ !
نەهۆشم مەستی بۆنێ بوو ، نەگوێچکەم کەیلی ئاوازێ !
کەمردیشم لەژوورێکی : نەخۆشخانەی سلیمانی
نەدڵسۆزێ لەدەورم بوو ، نەکەس بەومردنەی زانی !

(١٩٧٢)

(٦) بۆ (شێرزادی کاکەجەزا) ووتراوە کە لەکۆلیجی کشتوکال لەهەرەتی‌لاویدا، کۆچی‌کردووە :

هــەموو ئــاواتی‌نــاکامم : گــوڵاڵــەی‌لالــەزاری بــوو
شــریتی‌سەرگورشتەی‌من : خــەوێکی نەوبەهــاری بوو
هــەمووپێچانەوەی‌ژینــم ، بــریتی‌بوو : لــەچیرۆکــێ
لەکورتی‌و زووبەسەرچوونا : بزەی‌سەرلێوی‌یاری‌بوو !
١٩٨٠/٣/١٧

(چوارینەکان تەواوبوون)

پەراوێزەکانی بەشی دووەم
(چوارینەکان)

(١) لێرەدا مەبەست لەو شیعرانەیە کە لەسەرشێوەی چوارینە (رباعي) دانراون ، نەک لەسەر کێشی چوارینە کە کێشێکی تایبەتی‌یەو لە (بەحری هەزەج) دەرئەهێنرێ بروانە : (تاریخ الادب ، من الفردوسي الى السعدي ـ للمستشرق ا· ج· براون ـ ترجمة ـ د· ابراهيم امين الشواربي ـ مطبعة السعادة بمصر ـ ١٩٥٤ ـ ص٤٨) ·

(٢) ئەوی‌ڕاستی‌بێت ، گوللەی‌وێڵ ئەوەیە : کە لەلای‌لابەلاوە کەسێکی‌بێ‌تاوان بکوژێت · هەرچەندە کەمالی جوانەمەرگ زۆربێ‌تاوان‌بوو و گوللەکەشی بەتایبەتی ئاراستەی ئەونەکرابوو ، بەڵکو نرابوو بەجێگەی باوکیەوە ، کە بەرێکەوت ئەوی‌تێدانوستبوو ، بەڵام هەرچۆنی‌بێت گوللەی‌وێڵی پێ‌ناوترێ ، لەگەڵ‌ئەوەشدا چونکە لەکاتی‌خۆیدا گوللەی‌وێڵم بەکارهێناوە نەمویست بیگۆڕم ·

(٣) ئەوی من بیرم‌بێت لەسەرەتادا دێڕەکە وابوو : (هاتو گوللەی‌وێڵ لەناکاو) ، بەڵام لەدواییدا گۆڕیم بە : (لەخەودا)و لەخوێندنەوەمدا هەر ووتوومە : (هاتوگوللەی‌وێڵ لەخەودا) ، بەڵام وادەرئەکەوێت لەکاتی نووسینەوەی شیعرەکەدا گەڕاومەتەوە بۆ دەقی‌پێشووی ، هەرچەندە (لەخەودا) بەڕاستر ئەزانم ، لەگەڵ‌ئەوەشدا نەمویست بیگۆڕم ·

(٤) وەك لەمامۆستایان : كاك (عەلی شەونم)و كاك (نیهال صائب)ی برای (كەمال)م بیستووە لەسەركێل قەبرەكە سالی (١٩٣٧) بەمێژووی كوشتنی دانراوە ، بەلام كاك نیهال ئەلێت : بەپێی نووسینی جەمیل‌صائب‌و مستەفا‌صائبی مامی كارەساتەكە لەسالی ١٩٣٨دا ڕوویداوە ، بەم‌بۆنەیەوە سوپاسی مامۆستایان : كاك عەلی شەونم‌و كاك نیهال صائب ئەكەم ٠

(٥) لەچاپی یەكەمدا : (براموا‌تی‌مەگە) نووسراوە كەهەڵەیەو (براموا‌تی‌نەگەی) ڕاستترە ٠

(٦) (كاكەی فەللاح) كەباسی ئەم چوارینەیە ئەكات ، وای‌پیشان‌ئەدات كەگوایە من : بەزمانی ئەولاوەوە ، شیوەن بۆ خۆم‌و بەسەرهاتی‌خۆم ئەكەم !!! و گوایە : دڵ‌بەرگوللەدان بەڕەوا‌ئەزانم ، لەبەرئەوەی وێنەی‌كچی تیایە !! جگەلەوەی بەوبۆنەیەوە ، لیستەیەك تاوان‌و ناوو‌ناتۆرەم ، پێوەئەلكێنێ !! ، بڕوانە (كاروانی شیعر ــ ل١٦٢ ، ١٦٣) ، بێ‌گومان ئەگەر تەمەن‌و ڕۆژگار یارمەتیم‌بدەن ، لەنامیلكەكەدا وەلامی یەك‌بەیەكی ئەم قسانە ئەدەمەوە ، بەلام لێرەدا تەنیا شیعری (خەرمانە) كەلەهەمان‌ساڵدا ووتراوە ئەكەم بەوەلامێكی سەرەتایی ، بۆقسە ناڕەواكانی‌و ئەڵێم : كەسێك ئامادەبێت دڵی‌بداتە بەرگوللە ، لەبەرئەوەی وێنەی‌كچی‌تێدایە ، جارێكی‌تر شیعری وەها ، بۆ هیچ كچێك نالێت ! ٠

ئەحمەد هەردی

١٩٨٤/٤/٢٢

ئەحمەد هەردی کێیە ؟ !

(۱) هەردی ، ناوی (ئەحمەد)ە ، باوکی ناوی (حەسەنبەگ)ە ، کە کوڕی (عەزیزبەگ) ، کوڕی (کەریمبەگزادە) برای (ئەحمەدبەگزادە) کوڕی (محەممەدبەگ)ە ٠

(۲) لەساڵی ۱۹۲۲ز٠ دا ، لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو خوێندنی سەرەتاییشی لەوێ تەواوکردووە ، لەساڵی (۱۹۳۸)ەوە لەنوسیندا نازناوی (هەردی) بۆخۆی هەڵبژاردوە ، بەڵام کەسەیریکردوە هەندێکەسی سادە ، نازناوی (هەردی) لەهی خوالێخۆشبووان (محمد توفیق وردی)و (ا٠ ب٠ هەوری) جیاناکەنەوە ، زۆرجار هاتوەتەسەرئەوەی کە (هەردی) بگۆڕێ ، بەڵام بۆینەکراوە ، چونکە نازناوی (هەردی) زاڵبوە بەسەر ناوەکەیدا ٠

(۳) لەساڵی ۱۹٤۱دا بوە بەمامۆستا لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا ٠

(٤) لەساڵی ۱۹٥۷دا کۆمەڵێك شیعری بەناوی (ڕازی تەنیایی)یەوە چاپکردوە ، کە ئەمەیئێستا چاپی دووەمیتی ٠

(٥) سەردەمێك لەیەکێتی نووسەرانی کورددا ، لەدەستەی بەڕێوەبەری ناوەندا ئەندامبوەو سەردەمێکیش سەرۆکی لقیسلێمانی بوە ٠

(٦) لەساڵی (۱۹۷۳ ـ ۱۹۷٤)دا لەکۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی سلێمانیی ـ ـ سەلاحەددینی ئێستادا ـ مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبیبوەو لەوڕووەوە گەلێ موحازەرەی داوە کەهێشتا چاپنەکراون ٠

(۷) لەزۆردەمێکەوە لێکۆڵینەوەیەکی درێژی بەدەستەوەیە دەربارەی کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ٠

(۸) لەساڵی ۱۹۸۱دا خۆی خانەنشینکردوە ٠

(۹) وەك مامۆستا (عومەرعارف شێخمەحمود)لەزمان گۆرانیشاعیرەوە لەیگێڕێتەوە ئەڵێ : مامۆستا گۆران دەربارەی (هەردی) ووتوویەتی : [هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتییە لە شیعری کوردیداو شوێندەستی لەهەڵبەستەکانیدا دیارە] ٠

(۱۰) بۆئەوەی تینوویەتی هەزاران لاوی ڕۆشنبیر بشکێنینو خواستی خوێنەران بەجێبهێنین زۆرمان هەول لەگەل مامۆستای شاعیر دا ، تا بەڵێنیدا کەئەم چاپی دووەمەتان پێشکەش بکات ٠

عمر عبدالرحمن
خاوەنی کتێبخانەی سلێمانی

سوپاس

(١) بەدڵ سوپاسی مامۆستای هونەرمەند (جەمال عەبدول) ئەکەم ، کە نەک هەر دووسێجار پێشەکیو دیوانەکەی نووسیەوە ، بەڵکو گەلێ شتی تری وەک تەتەڵەوپوختەکردنی ڕێنووسو نەخشاندنی بەرگو کلێشەکانی ئاوەوەشی گرتە ئەستۆ ، کە شتێکە هەرگیز بەمن نەئەکرا ، دووبارە سوپاسی ئەکەمەوەو خوا وێنەی زۆرکات •

(٢) هەروەها بەدڵ سوپاسی بەڕێوەبەرو کارگەرانی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ئەکەم بۆئەو هەوڵو تەقەلا بێسنوورەی دایان بۆ چاپکردنو ڕاپەڕاندنی ئەم کتێبە • بەشێوەیەکی ڕێکوپێک • خوا وێنەیان زیادکات •

(٣) هەروەها بەدڵ سوپاسی مامۆستای چیرۆکنوس کاک (سالح محەممەد ئەمین) ئەکەم کەلەکاتی چاپدا، ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی گرتە ئەستۆی خۆی•

(٤) هەروەکو زۆر سوپاسی خاوەنی کتێبخانەی سلێمانی کاک (عومەر عەبدولرەحمان) ئەکەم کەئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەی خستە سەرشانی ، لەخوا ئەپاڕێمەوە کە وێنەی ئەم جۆرە برایانە زیادکاتو لەشەڕمەڕی ڕۆژگار بیانپارێزێ •

ئەحمەد هەردی

نـاوەرۆکی (ڕازی تەنیـایی)

لاپەڕە	ناوی بابەتەکان ـ بەشی یەکەم
٥	پێشەکی چاپی دووەم ـ بەقەڵەمی : (ئەحمەد هەردی) •
٣٩	پەراوێزەکان
٤٥	شیعرەکانی ڕازی تەنیایی
٤٧	بێ ئارامیٚ ـ ١٩٣٨ ـ دانراوە لەچاپی یەکەمدانی یە •
٤٩	فەلسەفەی دڵداری ـ ١٩٣٩ ـ (لەچاپی یەکەمدانی یە) •
٥١	ئەی دیدەپەری ـ ١٩٣٩ •
٥٣	تانگۆی کوردی (تاقانە خونچەکە) ـ ١٩٤١ •
٥٥	شۆڕشی نائومێدی ـ ١٩٤٤ •
٥٨	دڵێکی تێکشـکاو ـ لـە (١٩٤٦)دا وتراوە لـە (١٩٨٣)دا تەواوکراوە • لەچاپی یەکەمدا ناوی : (نائومێدی)ە •
٦٤	شانزەساڵ چاوەڕوانی ـ ١٩٤٨ •
٦٦	پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی (شێخ نووری) ـ ١٩٤٨ •
٦٨	چەپکە گوڵێك بۆ : (سـت فاتمە) ـ ١٩٥٠
٧٠	دووچەشـن دڵـداری ـ سـاڵی (١٩٥٠) وتراوەو سـاڵی (١٩٨٣) تەواوکراوە • لەچاپی یەکەمدا ناوی (دڵـداری کچی تازە)یـە •
٧٢	تەپڵی بەتاڵ ـ (١٩٥١) دانراوە (١٩٨٣) تەواوکراوە •
٧٧	چاوەڕوانی بێهوودە ـ ١٩٥١ •
٧٩	ڕازی تەنیایی ـ ١٩٥١ •

لاپەڕە　　　　ناوی بابەتەکان ـ بەشی یەکەم

٨١　صلوات المُحِبّ ـ شیعرێکی عەرەبیە ـ ١٩٥١ ـ لەچاپی یەکەمدا نی‌یە ٠
٨٣　ئۆباڵی خۆت بەئەستۆی خۆتە ـ ١٩٥٣ ٠
٨٤　خەرمانە ـ ١٩٥٣ ـ لەچاپی یەکەمدا ناوی (من‌و تۆ)یە٠
٨٥　پەیامی یار ـ ١٩٥٨ ـ لەچاپی یەکەمدانی‌یە ٠
٨٧　بەشی دووەم　بۆسەر کێلی گلکۆی ئازیزان ٠
٨٩　پێشەکی ٠
٩٠　چوارینەکان (١) بۆکەمالی جەلال صائیب ـ ١٩٣٨
(٢) بۆ محەمەد کەریم ـ ١٩٥٣
٩١　(٣)بۆ مەهتابی شێخ‌جەلال ـ ١٩٥٩ ـ لەچاپی یەکەمدانی‌یە٠
(٤) بۆ نەژادی ڕەمزی‌ئەفەندی ـ ١٩٦٩ ـ لەچاپی یەکەمدانی‌یە ٠
(٥)بۆ شێخ ئەحمەدی شێخ‌ڕەزای بەرزنجەیی ـ لەچاپی یەکەمدانی‌یە ٠
٩٢　(٦) بۆ شێرزادی کاکەجەزا ـ ١٩٨٠ ـ لەچاپی یەکەمدانی‌یە
٩٣　پەراوێزەکانی بەشی دووەم
٩٥　ئەحمەدهەردی کێیە ؟ ٠
٩٦　ـ و پاس‌و ستایش
٩٧　ناوەرۆکی «ڕازی‌تەنیایی»
٩٩　لیستەی «ڕاست‌و چەوت»

لیستەی ڕاستو چەوت

لاپەڕە	دێڕ	چەوت	ڕاست
٧	١٢	سەرچاەی	سەرچاوەی
٧	١٥	جوانی	جوانیی
١٠	١٠	نالەباریو	نالەباری
١١	١٩	(ئەنومر قادر)	(ئەنوەر قادر)(١)
١٦	٧	کە ئەڵێت	ئەوەی کە ئەڵێت
١٩	٢٠	شاعیر بگەین	شاعیر .. بگەین
٢٣	١٥	کەپێی ئەڵێن	کە پێیان ئەڵێن
٢٦	٢١	قسە ڕاو	قسەدوا
٣٢	٣	مان	یان
٣٩	١٦	ل ـ ١٦٤	ل ـ ١٦٣
٤٠	٥	ل ـ ١٦٣	ل ـ ١٦٤
٤١	٣	بیر نەمابوو	بیرمابوو
٥١	١٤	(دواییت لەبیربێ)	(دواییت لەبیربێ) وە ،
٥٣	١	خونچەی	خونچەکەی
٥٣	٥	چۆڵ هەردێ	چۆڵو هەردێ
٥٩	١٠	جوانی	جوانیی

تکـایـە : ئەم سێدێڕەی دوایی (لـ٧١) بەم جۆرەیە :ـ

ئاوی لێلی کوێرەشیوێ ، چەشنی هی ڕووبارنییە ،
جائیتر مـن واقسەی خـۆم ، پێگـەیانی ، بێ درۆ
حەزئەکەی هەروەك پەپوولە ، ڕوولەئاگرکەو برۆ !

لەکتێبخانەی نیشتمانی بەغدا
ژمارە (١٥١٧)ی ساڵی ١٩٨٤ی دراوەتێ

نـرخی (٧٥٠) فلسـە

لە ١/١/١٩٨٥ دا چاپی تەواو بووە

لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە چاپ دراوە

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

لەکتێبخانەی نیشتمانی بەغدا
ژمارە (١٥١٧)ی سالی ١٩٨٤ی دراوەتێ

نـرخی (٧٥٠) فلسـە

لە ١/١/١٩٨٥ دا چاپی تەواو بووە

لە بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لە چاپ دراوە